# راپەڕینی „کۆمەڵە„ی

ژێ — کاف

G.K

وەڵامێک بەنامیلکەی:

**„ژێ.کاف چ بوو؟„**

نووسراوی

„عبدالقادر دباغی„

پێشـــــــکەشــــە

بەگیانی پاکی کاروانسالاری شەهیدانی کەلی کورد، شەهیدی هەمیشـــە زیندوو، پێشــەوا قــازی موحەمەدی خۆشەویست.

بە گیانی پاکی ئەوشۆڕە سوارانەی کە باسی ئازایەتی و جوانمێریان هەرگیز لە بیری لاوەیری کورد ناچێتەوە، کە کاتێ بە هەنگاوی پیاوانــە و دلێرانەبەرەو سێ‌دارەی بێداد دەڕۆیشتن نرکەی شێرانەیان بە دەنگی بەرزی " بژی کــورد و کوردســـتان "، " بژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران " دوژمنی دلڕەشی ئاساند وتۆقاند وتەختی زۆرداراتی لەرزاند.

بەگیانی پاکی ئەوشێرەکچانەی کە پەلکەو کەزیەی جوانیان دەسکەنەکراو دلـی پڕ لەئەوین و ئاواتیان بە گوللـەی دوژمنانی ئینسانیەت دابێـــــــژرا، بەڵام ڕوویان لە ڕووگـەی شەرەف وەرنەگێڕا ویەنارەتەی " بەرپوخیێ حکوومەتی کۆنەپەرستی خومەینی جەلـلاد" مێژووی خوێناوی کەلی‌کوردیان ڕەنگاند.

بەگیانی ئەوانەی کە لەباوەش و ئامێزی دایکی نیشتمان لە شاخ و چیا سەربەرزەکانی کوردستان، بە بەرگی سوورخەلات وپڕلەشانازی پێشمەرگایەتیەوە مەلی بەرزەفری گیانی پاکیان لە سینگی پڕ لە هەستی مرۆڤایەتیــیان‌بەرەو بەهەشتی خودا، بۆ نێو کاروانی لە پەسان نەهاتووی شەهیـــدانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەلفڕی و وشەی «بژی حیزب وگەل»ی سەرزاریان چەشنی کۆلکەزێڕینە، ئاسمانی کوردەواری نەخشاند.

بە لاوانی ڕاپەڕیوو شۆڕشگێڕی کورد، کەئەرکی هەرە گەورەی خەبات و تێکۆشان، بۆ پێک هێنانی ئاواتی شەهیدان، لە سەر شانی ئەوانــە کە ئاڵای پڕ لە شانازی خەبات شەکاوەتر ڕاگرن و بەرەو ئاسۆی ڕوونـــاکی ئازادی، بەرەو پێشکەوتن، بەرەو دونیای شارستانیەت، ڕێبەرایەتی گەل بکەن و کوردستانی خۆشەویست لە دوژمنان بپارێزن.

عەبدولقادر دەبباغی

ژێ ـ کاف چ بوو ، چی دەویست ، چی لێ بەسەرهات ؟

ئەو پرسیارانە ، ناوی نامیلکە یا کتێبێکە کە لە ٣٢ لاپەڕدا لە لایەن کاك ( سید محمد صمدی ) یەوە بە ناوی کۆکراوە ، لە خاکەلێوەی ١٣٦٠ی هەتاوی دا چاپ و بلاوکراوەتەوە و لە ڕێبەندان و زستانی ١٣٦١ دا گەیشتە دەستم و خوێندمەوە .

لە بەر ئەوە ناتەواری یەکی زەق و بەر چاو لەو نووسراوە دا وەبەر چاو دەکەوێ ، لە گرینگی پرسیارەکان بۆ گەلی کورد بە گشتی و بۆ نەسل و بەرەی تازە پێگەیشتووی کوردستانی ئێران بە تایبەتی ، بە ئەرکی سەرشانی خۆم دەزانم تا ئەو جێگەیە پێم دەکرێ ، ڕەخنەی لێ بگرم ، سەرنجی لاوانی پێگەیشتووی کوردستانی ڕاپەڕیوی ئەوڕۆ بۆ ئەو مەبەستە ڕاکێشم ، جا بە قەولی کوردی : دە س لە دەم و قەوەت لە خوا .

سەر لە روو پەڕە و سەر جلدی ئەو نامیلکەیە ، وا دەردەکەوێ کە نووسەری کۆکەرەوە مەبەستێکی تایبەتی هەبووە ، دەنا ئەوانەی لەو زەمانە دا ژیاون و هێشتا ماون ، یا ئەوانەی لە قەدیمەکانیان بیستوە ، دەزانن کە لە سالانی ١٣٢١ وە هەتا ڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، ناوی کۆمەلە لە هەموو کوردستاندا بە ناو بانگ بو و لەبەر خۆشەویستی لە ڕادە بەدەری کۆمەلانی خەلك وشەی " ژێ ـ کاف " کەمتر دەوترا ، لە شوێنە گشتیەکانی وەك مزگەوت ، قاوەخانە ، دیوەخانی ئاغایان مالەگەوران و تەنانەت کاتی ژنانیش ، باس هەر باسی کۆمەلە بوو کە لە هەموو جێگایەك بوو ولە هیچ کوێ دا بە ئاشکرا نەبوو .

دوژمنانی گەلی کورد هەتەرش و زراویان لە حاست کۆمەلە چوو بوو ، بە هۆی جاش و جاسوسەکانیانەوە کە ئەو وەختە پێیان دەگوتن ( مێشك ) جنێو و بوختانیان هەر بە کۆمەلە دەکوت ، بۆیە هونەری پایەبەرزی کۆمەلە کاك سەید کامیل لە وەلامی بوختان کەران لە غەزەلێکدا کە ئەو سەر دەمە دەنگی دایەوە دەلێ :

لە دەم بڕینی ئەوانەی لە کۆمەڵم بە دەکەون
لە بار و تەزە، دەمی سوود دەکا، مەقسەست و بڕینگەم
بەڵام کاک "سەعید" خۆی لە وشەی کۆمەڵە پاراستوە؟ بۆچی؟

کاک سەعید دوای ئەوەی نزیکەی چوار پەنجەی ناملکەکەی بە سەرەتا و وەڵامی پرسیاری مێژوو چییە؟ پڕکردۆتەوە، شەرتو مەرجی مێژوونووسی نووسیوە، بەڵام خۆی بە لای دانەچووە و مێژووی کۆمەڵەی نەنووسیوە، تەنیا چەن لاپەڕەی لە فەرمایشتەکانی جەنابی "مەلا قادری مودەڕیسی" و لاپەڕێک لە فەرمایشتەکانی کاک "سەعید یەحیا حەمیدی" تۆمار کردوە و نووسیوەتەوە و ناوی ناوە: مێژو و مێژوونووسی!!!

باس کردن لە مەسەلەیەکی گرینگە وەک پێکهاتنی "کۆمەڵەی ژ - کاف" لە کوردستانی ئێران کە نوختەگۆڕانێکی هەرە گەورەی مێژووی کوردستانی ئێرانەوە، سەرەتای شۆڕشێکی ئازادیخوازانەیە کە ئێستاش پاش چل ساڵ شوێنەواری هەر ماوە و تەئسیرێکی گەورەی کردۆتە سەر مێژووی نەتەوەکەمان، بەچەشنێک کە هیچ مێژوونووسێ ناتوانێ و نابێ بەبێ ئەوەی ئاوڕێکی لەو ڕووداوە و لەو بارە گرینگە بداتەوە مێژووی کوردستانی ئێران بنووسێت کارێکی سووک و ئاسان نییە وەبەهەستی بە لێکۆڵینەوەیەکی زیاتر هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەکە ئەو تەزەی پرسیار دەکا و دەیەوێ لە ڕاستی ئاگادار بێ و لە ڕووداوەکانی ڕابوردوو بۆ خەباتی خوێناوی ئەمڕۆ و داهاتووی گەلەکەی وەریگرێ تەزی تینووی لاوانە کە لە قووڵایی دڵەوە دەیەوێ تووشی هەڵە نەبێ، کردەوەی ئەو سەردەمەی باب و باپیرانی بکا بە عیبرەت و وەک ئاوێنەیەکی باڵانوێن بڕوانێتە ئاکاریان کە تووشی تووشی نەبێ و فریو نەخوات.

لە پێش هەموو شتێک دا، ئێستا کە باسەکە لەسەر مێژوونووسییە، با ئەوە بڵێین کە: لە ساڵ و نیوێک بەر لەو کاتەوە کە کاک "سەعید" قسە تۆمارکراوەکانی لە چاپ داوە تا ئێستا کە ڕەشەمەی ١٣٦١ هـ ـ و ڕا وێ دەچێ کێشەدار، هەتا ڕووخانی کۆماری دژی ئیسلامی خومەینی هەر درێژەی هەبێ ـ لە بەرەکەتی دێوەزمەی جەمارانەوە هاڕەی فڕۆکە، قرچەی ڕاکێت، گرمەی بۆمبا، ڕمبەی تۆپ و خومپارە، شریخەی تفەنگ و نارنجۆک، عەرز و ئاسمانی کوردستانی ئێرانی تەنیوەتەوە؛ بە دوای دەرچوونی فەرمانی جیهاد دژی نەتەوەی کورد

لەلایەن ئیمامی شمیادانەوە، دەیان هەزار تەرتەشی دژی گەلی پاسداری کۆنەپەرستی، بەسیجی خۆفرۆش و ژاندارمی بادەنۆش و جاشی ناموسفرۆش بە دڕندانەترین شێوە، کە ڕووی ڕەشی هەموو پەورەشانی مێژوویان سپی کردۆتەوە، هێرشیان هێنا وەتە سەر کوردستانی قارەمان و ڕاپەڕیوو حیزبی خۆشەویستی گەلی کورد "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران"، لەم ماوەیەدا دەیان جێنایەتی وەك قەتڵ عامی "قارنێ" و "قەلاتان" و "سەرچنار" و "کانی ماسی‌میدە" و "کەڕێزەی شکاکان" لەلایەن ئەوانەوە خولقا بە، لەزۆر جێگە دەستدرێژی بەناموسی کەسیردا (خوشکانی ئێمە) کراوە، هەزاران مال بە تالان براوە، خەلەو خەرمان و باغ و بێستان سووتێندراوە، بەلام بەداخەوە، لەو هەل ومەرجەدا کە بێگانەش دلی بۆ ئێمە دەسووتێ و بەزەیی پێماندادێ و لەسەرداخوازی عاقلانەی حیزبی دیموکرات پزشك و دەرمانمان بە هەزار ڕەنج وکوێرەوەری لە هەندەرانەوە بۆدێت، لە کاتێك داکە باسی خوێن خۆری وخوێن‌مژی حکومەتی ڕەش وکۆنەپەرستی دژی ئینسانی خومەینی لە دونیا دا دەنگی داوەتەوە، بەڵێ ڕاست لەم کاتەدا نامیلکەیەك لە سەر مێژووی سیاسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا دەردەچێ، بەلام هەزارداخ ومخابن کەلەودا، لەم جنایەتانە، ناوێك نەبراوە و ئیشارەی هیچ نەکراوە.

نزیك بە سی هەزار (٣٠٠٠٠) کەس لە خەلکی کوردستان لە پیری ١٠٠ سالەوە تا مندالی سەرلانك شەهید کراوە، بەمیلیارد ملیارد زیان لە خەلك کەوتوە، بەلام نووسەری مێژووی سیاسی، مێش نای گەزێ وێبان چوتە سەر مینبەر وەعیە دەفەرموێت. هەر لەو کاتەدا کە دلسوزانی گەل [!!] دەستەتەقیان فەرموو وشە و ڕەستەیان تومار کردوە و سەبارەت بە مەسلەیەکی میللی وەك کومەلەی ژێ-کاف فەرمایشیان فەرموە، گەلی قارەمانان ولەخۆبوردووی کورد بە ڕابەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، جێگر و جێنداری کومەلەی ژێ-کاف لە نێو ئاگر و ئاسن و فرمێسك و خوێن، کوردستانی کردوە بە گۆڕستانی سەرکوتکەرانی و ستەمکەری لە گیران نەهاتووی ئازادی و جێگای هیوای ئازادیخوازانی سەرتسەرانسەری ئێران. بەلام خوێنەری ناشارەزای ئەو نامیلکەیە

له هه‌ند مران له‌م باره‌وه له‌و نووسراوه دا هیچ شتێکی نایه‌ته به‌رچاو.

له پاشان ئه‌گه‌ر بێینه‌وه سه‌ر باسی کۆمه‌له‌ی ژێ ـ کاف، پێویست بووکاک "سه‌ید" وه‌ك هه‌موو مێژوو نووسێکی دڵسۆز به‌ر له گشت شتێ، وه‌زعی سیاسی و کۆمه‌لایه‌تی و ئابووری و نیزامی ئێران و کوردستانی ئه‌و سه‌رده‌مه‌ی نووسیبا و شی بکردایه‌ته‌وه تا لایانی کوردستان فریوی مێژوو نووسانی قه‌رمایشی و ده‌رباری یا ئاخوندی نه‌خۆن.

ده‌بوو بۆ لایه‌کان باس کرابا لکۆدێتای شوومی ڕه‌زاخانی میرپێنج و زاڵ بوونی بێسه‌وادێکی سه‌واد کووچی به‌سه‌ر ماڵ و ژیانی گه‌لانی ئێراندا و سه‌رکه‌وتنی پایه‌ی قه‌زاقێکی قه‌مه‌کێش تا راده‌ی ( نابغه عظیم الشان ) یا ( اعلیحضرت قدر قدرت) یا ( ناجی ظل الله ) و ده‌یان ناس ناوی دیکه که مێژوو نووسانی ده‌رباری و به‌رماو خۆرانی قه‌ڵه‌م به‌ده‌ست به‌و ملهوڕه دیکتاتۆرمیان دابوو، یا چلۆن جوولانه‌وه‌ی ئازادیخوازانه‌ی وه‌ك شۆڕشی جه‌نگه‌ڵ، قیامی کۆڵۆنێل « محمد تقی پسیان »، و، جوولانه‌وه‌ی دیمۆکراتیکی شێخ محمد خیابانی و لاهوتی و، شۆڕشه‌کانی قه‌ده‌م خێری لوڕ و سه‌ردار ره‌شیدی جوانڕۆ و جافرسانی هه‌ورامان و سمائیل ئاغای سمکۆ و مه‌لا خه‌لیلی میراوێ و گه‌ڵباخیه‌کانی دیوانده‌ره، به هۆی نه‌بوونی شعووری سیاسی و نه‌بوونی حیزبێکی به‌ئه‌زموون وتێ بین و لێزان به تێکڕایی تێك شکان.

ده‌بوو نووسیبای که چ که‌سانێك حه‌مه‌ڕه‌زای که‌وری ڕه‌زا خانیان تا ڕاده‌ی " خدایگان ئاریامهر " و ..... خستبیان و هه‌وای ده‌تمه‌دن بزرگ») یان خستبێتیان و هه‌وایان کرد و له خشتیان برد. هه‌ر ئه‌و که‌سانه‌ی که ئێستا شڕنا خوێندێکی خه‌رفاوی مرد و شۆڕو ڕه‌وزه‌خوێن و سیغه‌که‌ری وه‌ك خومه‌ینیان کردوه به ( بت شکن ) طی گونه، پیامبر گونه ته‌نانه‌ت خداگونه !!! ئه‌میش به‌چه‌شنێ له خۆی بایی بووه که به هیچ زمانێك نایه‌ته سه‌رێ.

ده‌بوو نووسیبای که له زه‌مانی ڕه‌زاشادا، ئاسه‌واری کوردی به شێوه‌یه‌ك قه‌ده‌غه بووکه ئه‌گه‌ر ته‌نانه‌ت شێعرێکی کوردی به ده‌س که‌سێکه‌وه که‌شفکرا با ده‌بوو حه‌وت هه‌شت ساڵێك له قه‌سری قه‌جه‌ری تاران زیندانی با، یا ئه‌گه‌ر

ڕەحمیان بۆ کرد با، دەساڵێك بەدوور خراوەیی لەیەزدو کرماندا سواڵ بکا.

دەبوو نووسیبای جل و بەرگی ژنانەو پیاوانەی کوردی قەدەغە بوو، و دەبوو کشتکەسێ یەك بەرگ و یەك زمان (فارسی) بێ، کورد دەبوو بتوێتەوەو بەو بەرێوە بردنەی ئەو یاسا ڕەگەزپەرستانەیە هەزاران کورد ئەتك کرا، نێفەك بڕا، ئابڕوو ڕژا، حورمەت بۆ شوێنەواری کوردی نەما.

دەبوو نووسیبای کە لەو حکیمەتە زاڵمەدا هەزاران پیاو ماقوڵ وئازای لوڕ، سنجاوی، کەڵباغی، هەورامی، مەریوانی، بانەیی و شکاك بۆشیرازو کرمان دوور خرانەوە و لەبەر نەبوونی ماشین و ڕێگا و بانی باش، بڕێکیان بە هیلاك چوون و نەگەرانەوە.

سەبارەت بە وەزعی کۆمەڵایەتی، دەبوو نووسیبای کە ڕێژیمی فیئۆدالی و ئەرباب و ڕەعیەتی بە تەواوی مەعناوە لەسەرانسەری ئێرانی ئەو ڕۆژدا بەرقەرار بوو، سام و هەیبەتی ژاندارمێکی تریاکی تا ڕادەیەك بوو کە خۆی دەیتوانی ببرێ و بکوژێ و بە شێوەی پاسداری ئێستا، حاکمی سەربماڵ بێ و خەڵك بە ئارەزووی خۆی سزا بدا.

سەیر ئەوەیە کە ئەو کشتە زوڵم و زۆرەیان بە عەدڵ و دادی شاهەنشاهی ڕەعیەت پەروەر و دادگوستەر دەدا قەڵەم و، ڕۆژنامەی وەکوو «اطلاعات» ئەو ساڵانەش هەروەك ئێستا بە سمبێڵ و بالای شای (ئێستا بە ڕیش و عەمامەی ئاخوندی) دا هەڵدەگوت و وتاری لەسەر دەنووسی و بە نیشانەی بەختەوەری و پێشکەوتنی بە خەڵکی دەناساند.

لە باری سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە، دەبوو نووسیبای کە تەنانەت (کانوون پرورش افکار) و سازمانی بە ناو (پیش آهنگی ایران) لە ژێرفەرمانی «پدر تاجدار» واتە ڕەزاخان و «اعلا حضرت اقدس» واتە حەمەڕەزا بە درۆ و دەلەسە ڕەزاخانیان کرد بوو ئامۆزای بریرەپشتی هیتلێر، لە مەدرەسەو مزگەوت و قاوەخانەکاندا باسی گەورەیی و ئەبەزی ئەڵمانی هیتلێری و نازییەکان بوو، قەتل وعام و قەڵاچووی ئازادیخوازان، نیشتمانپەروەران و جولەکەکانیان بە ئامەوڵامەیکی وەستایانە دەگێرایەوە و بە موجیزەی (معجزە) هیتلریان دادەنا کەدەرمانی دراوەتی و تۆوی جولەکەی لەعین و کۆمونیستی بێ دین لە دوونیا دەردێنێ کتێبی (نبرد من)

نووسراوەی هیتلێر بە هەزاران دەفرۆشراو کەمر نەی دەوێرا بەلای دیوانسی "عشقی" "رەزوخی یەزدی" ، "عارف و تمنانمت "ایام محبس" نوسراوەی "علی دەشتی"کە خۆی را وێژکەری شابوو بچێت یا بیخوێنێتەوە. رادیۆ "برلسن" بە دەنگی "شاروخ" ناوێك بە زمانی فارسی دەنگ و باسی شەری بەلاو دەکردەوەو وای دەسەلماند کە لە سالانی ٢٠ و ١٣٢١ دا سەرانسەری دونیا بە هۆی سوپای رزگاری هێنەری "کسور" ( برلن ـ روم ـ توکیو ) داگیر دەکرێت و ( نظم نوین ) واتە ئاواتی هیتلێر بەجێ دێتو تارانیش دەبیتە قیبلەی ئاریەکان و ، تورك و عەرەبی سامی نەژاد بە هوی لەشکری ئێرانەوە قەلاّ چۆ دەکرێن.

لەو هەل و مەرجە دا کە لاوانی ئیران بە قەولی شەهید "خوسرەوی روزبە" (مسخ محیط) ببون هیوای گرتنی بەغدا وبە سەرەڕاندارمسە کیمانی وا هینا بوەنەشە کە دەیانگوت سبەی یا دووی (ئەسپەکەم لە شەتی دە جلسە و فورات ئاو دەدەم ! ) ، بەلام کتوپڕ وەزع گۆڕا ، شێرە بەفرینەکمان واتە ( اعلیحضرت قدر قدرت ظل اللە ) توایەوە و ناز ناوی ( نابغه عظیم الشان ) لە رۆژێکدا گۆڕا و بوویە "نابغه" گریز پا" واتە "هەلکەوتووی هەلاتسن" یا "هەلکەوتووی رەوەك".

بە داخەوە لە بەر بێ خەبەری و نەبوونی شعوری سیاسی بێجگە لەو پرۆپاگاند و تەبلیغاتە توند و تیژو بێ وچانەی دەزگای تاران و بەرلیسن دژی کمونیسم ، بەندو باوی پیرە پیاوان و پیرە ژنانی خۆێشمان ببوە سەر بار و بە چەشنێك لەبێ رەحمی و بێ ناموسی و تالانچیگەری "رووسەکان" ئەدوان و تامەولامەیان پێ ئەدا ، کە خەلك بەجارێ تۆقیبوو هەر ئەوەندە فرۆکەی شورەوی لە ئاسمانی شین و بێگەردی مانگی خەرمانانی کوردستان پەیدا بوو تەقەکەوتە شارەکان وژن و منداڵ بەرەو دێهات کەوتنە رێگەو پیرە پیاوان دەیانگوت: "هەزن و بەزن و چیای مەزن" !

بەلام کاتێ ئەرتەشی سوور هاتە شارەکانی کوردستان ، بە پێچەوانەی هەموو چاو راو دڕوو دەلەسەی دەولەتان و پیرە پیاوان ، تەنانەت بە پێچەوانەی پاسدارانی ئیسلامی !!! ئیستا ، نەکەسیان کوشت ، نەتەجاوزیان بە ناموسی کەس کرد ، نە تالانیان کرد و نەکاریان بە سەر خەلکەوە بوو. هەلاتوەکان

بە پەناپسکی و بەرزیەوە گەرانەوە و بە چاوی خۆیان دیتیان کە تەواوی چاودێرەکان دڕۆیە و ساڵداتی، ئەرتەشی سوور لەگەڵ قەزاخی ڕووسی تەزاییدا، عەرز و ئاسمان جیاوازیان هەیە.

لەو ڕۆژە گرینگانەدا خەبەر هات کە «حەمەرەشید خان»یادگانی بانەی گرت و چەك و تەقەمەنی دەس بانەیی کەوتوە. هەرچەند سەربازە هەلاتووەکانی ئەرتەشی شاهەنشاهی تفەنگیان بە نانێك دەدا، بەلام خەبەری گرتنی بانە، خان و بەگ و ئاغای ژیانەوە، هەرکەسەیان خزم و تایفەی خۆی کۆکردەوەو تاقمێکی پێك هینا وسێ تەپڵەی ئاغایەتی و سەرۆکی لێدا. چەن ڕۆژی پێ نەچوو کە حەمەرەشید خان «سەقز»و دوای ئەوی «سەردەشت»گرت، چەك و چولێکی زۆر کەوتە دەست خەلك. ئەرتەشی ئیران دو دەفعە هێرشی هێنایە سەر حەمەرەشید خان. بەلام هەر دوو جار تێك شکا. ئاکامی ئەو وەزعە ئەوە بوو کە شاری سەقز دوو جار تالان کرا و شاری بانە سوتێندرا.

لەو هەل و مەرجەدا، مەهابادی ڕازاوە و دەولەمەند بە سلامەت دەرچوو. کاك «سەید» بەلانی کەمەوە ئەوەی نوسیبا کە عەشایری دەوروبەری مەهاد یشرلە گەل خان دا کۆ بوونەوەیان هەبوو، حەزیان دەکرد مەهابادیش لەو بەشەبێ بێبەش نەبێ، بەلام بەختەوەرانە نەیان توانی. بوچی؟ لێرەدا شەخسیەت (کەسایەتی) دەردەکەوێ.

لە مەهاباددا ڕۆلەیەکی ئازا و دلسۆزی کورد بە ناوی قازی موحەممەد هەلکەوت، خەلکی شاری کۆکردەوە و باسی ڕووداوی تالی سەقزی بوکردن. فەرموی ئەگەر ئێمەش پیاوانە نەجوولێینەوە حالمان لەوانە باشتر نابێ، دەبێ چەکدار بین و خۆمان پارێزگاری لە خۆمان بکەین، خەلکیش مەردانە بە قسەیان کرد.

هەر چەند بە ڕوالەت شارەوانی و ئیداراتی دەولەتی لە مەهاباد دامابوون. بەلام خەلك ئێشکی شاریان دەگرت و ئیجازەیان بە کەس نەدەدا دەس لە پێی خەتا بکا. شەخسی قازی بەسەرخۆی سەری لە ئێشکچیان دەدا، لاوانی لەگەل پیاوانی بە ئەزموون دەخست تا فێر بن و قال بن.

وردەوردە نفوزی قازی خوشەویست پەرەی سەند و مەهاباد بوو بە جێگای

هاناوهیناوا • شارگەشەی کرد و کومەلانی خەلك روویان تێ کرد ،کار و کاسبی زور بوو ،کەس نەی دەویرا زولم لە کەس بکا ،تەنانەت زولم لێکراوان و رووتکراوەکانی هەندەران دەهاتنە خزمەت قازی و سکالایان دەکرد و نامەیان بو زالمان وەردەگرت و زوریەیان بە حەقی خویان دەگەیشتنەوە •

هەر لەو فەزا لە بارەدا کە بەهوی لێ هاتوویی و ئازایی قازیەوە پێك هاتبوو لە خەرمانانی ١٣٢١ هەتاوی دا چەن کەسێك لە باخێکدا کوبونەوە و بنچینەوو بناغەی کومەلەیەکی تەواو میللی و نەتەوایەتی یان داڕژاند کە لە دوا ڕوژدا بە تیشکی رووناکی هێنەری ،ڕوژە پرشنگ ئاوێژەکەی کوردستانی رووناك کردەوە •

لەشەشەمانگی ئاخری سالی ١٣٢١ دا ،کومەلە لە شاری مەهاباد و دەورو بەری نفوزی پەیدا کرد • جەنابی«مەلا قادری مودەریسی»لە فەرمایشەکانی خویدا لە لاپەرەی ١٢ سەبارەت بە ئەندامەتی لە کومەلەدا دەفەرموێ:"مقیاس و معیار و پەیمانە بو ئەندامەتی لەو ڕێکخراوەدا ،تەنیا کورد بوون بوو "•

لە راستی دا وا نەبوو ،هەموو کوردێك بە ئاسانی نەی دەتوانی ببێتە ئەندامی کومەلە ، ڕەش بگیرنەبوو مەرجی ئەندامەتی زور بوون .لێرەدا ئەوەندە دەلێم کە لەو سەردەمەدا ،لە لایەن هاوپەیمانان و داگیرکەرانی کوردستانەوە هەول دەدرا کە ئەو کومەلە نهێنیە کەشف بکرێت• لە بەر ئەو هویانە ،کومەلە تێدەکوشا کەسانێ بە ئەندام بگرێ کە لێ وەشاوەو کارامە بن ،ئیمکانی ئەوەش هەیە لە نێوچەن هەزار کەسدا ،چەن کەسی هەلپەرست یا خایەنیشی تێ کەوتبێ •

***********************

ناتەواویەکی دیکەی ئەو نامیلکەیە ئەوەیە کە خوێنەران و یا لاوانی تینوی زانستی ئەو ڕوژ ،نەبرد ووەتە نێو وەزعی ژیانی ئەو چاخە• بویە ئەوانیش لە تاریکی بە ئیشتیای خویان پلار دەهاوێن و بە هەلەدا دەچن •

دەبوو کاك«سەید»نووسیبای لەو سەردەمەی عەشایری و خانخانیدا ،لە کوردستانی هەمیشە سەربەرزدا ،ئاکاری ئینسانی پیاوانەو ژیانی جوانمێرانە هەرباو و جێگای شانازی بوو• لەو سەردەمەدا لە هیچ شار و گوندی کوردستان میوانخانە نەبوو• بەلام مالی جوانمێرانی شار و دێ ،دەرگەیان ئاوالا بوو کەس

خۆی بە غەریب نەدەزانی و ئەو مالانە وەکو مالی خۆی وا بوو.

میوان‌داری غەریبان بە ئەرکێکی پیرۆز و کارێکی پیاوانە دەژمێردرا. هەر لەو شاری مەهابادەدا، مالی "حاجی رەحمەتی شافعی" باشترین وێنەی میوانداری بوو. ئەگەر کاك "سەید"ناوێکی بە شیعرە بەرزەکانی "سەیفی قازی" یا چاوێکی بە دەوروبەری خۆیدا بگێڕابا، لاوانی ئەورۆی بە ئاکار و رەفتاری باو باپیرانی شارەزا دەکرد.

لەو سەردەمە کە سەرانسەری کوردستان لە ژێر حکومەتی فێئۆدالی و خانخانی ناوچەدابوو. حکومەتی تارانیش دەسەلاتێکی ئەوتۆی نەبوو بە گوێرەی سیاسەتی بنەڕەتی خۆی واتە ( تفرقه بینداز و حکومت کن ) و بە گوێرەی ناوەرۆك و ماهیەتی رژیمی نگریسی بنمالەی پەهلەوی، پشتیوانی لەو دەرەبەگایەتیە دەکرد. جارو باریش کێشمیان لە بەینی تایفەکان پێك دەهێنا و شەڕی براکوژی عەشایری‌یان ساز دەکرد، یا ئیجازەیان دەدا کە بنمالەیەکی ئەعیانی یا عەشایری، خوێنی خەلکی گوند و شار بمژێ. لە مەهابادێ کە بە هۆی نفووز و کارامەیی قازیەوە ئەمین و ئەمان بوو، کۆمەلەی "ژێ ـ کاف" توانی دابمەزرێ و گەشە بکا و نفووزی خۆی لە مزگەیاندا بچەسپێنێ و دابین بکا.

هەر وەکو نووسرا، ئەندامەتی کۆمەلە هەروا سووك و هاسان نەبوو، بەلکوو لە پێشدا لە لایەن ئەندامێکەوە دەناسرا و پێشنیار دەکرا، ئەو وەختە لە ژیانی کۆمەلایەتی و رادەی زانستو خوێندەواری و ئاکاری ناو خەلکیدا دەکۆلدرایەوە و کۆمیتەی ناوچە یا شار ئاگادار دەکرا، ئەگەر پەسەن کرابا و لە ئەزموون دەرهاتبا ئەو وەختە قسەی دەگەل دەکرا و چەوتو چەلەمەکانی ڕێگای خەباتی پێ دەگوترا، جا ئەگەرحازر بە فیداکاری با، ئەو وەختە بە قورئانی مەجید و ئالای پیرۆز و شمشیر و شەرەفی خۆی سوێندی دەخوارد و شەرەفی ئەندامەتی پێ دەدرا.

بۆ وینە سەبارەت بە ئەندامەتی خۆم، دوای هەموو ئەزموون و قسەیەك لە بانەمەری ۱۳۲۲ دا بە هۆی کاك "محەممەد ئەمینی شەرەفی"، "سەدیقی حیدری" و کاك "رەحمانی کیانی" لە مالی "حوسێنی فرۆهەر" سوێندم خوارد و شەرەفی ئەندامەتی کۆمەلەم وەرگرت و بە ناوی "سیامەك ۵۷" دەستم بە کاری پێ سپێراو کرد. ئەوەندە تێکۆشام ئەگەر جنابی "مودەریسی"و کاك "سەدیق"

لە بیریان ما بێ ، تاقە ئەندامی کۆمەڵە بووم کە بە شێوەی ڕەسمی لە نیشتمانی ژمارە ٥ دا تاریفم لێ کراو کارەکانم پەسەن کرا.

لەو ڕۆژە پیرۆزەوە تا ئیستا ، لە سەر پەیمان ماوم و لام نەداوە. بەشانازییەوە دەڵێم کە چەند جار زیندان و جەزرەبەو ئەشکەنجە و دوور خستنەوەو زەرەری دنیام قەبوڵ کرد و تەنانەت بە تەماع خستن و زرینگەی زێڕیش نەی توانی لە ڕێگای خەباتی پیرۆز دوورم خاتەوە. هەر ئیستاش بە پیری و نەخۆشی و کەمەفتی لە ڕیزی خەبات لەشاخ وکێوانم و بە خۆشییەوە لە گەڵ ڕۆڵە قارەمانەکانم هاوبەش و هاوڕانم.

لە بەر ئەوە ، لەو ماوە دوورو درێژەدا ( نزیک بە چل ساڵ ) ، بە گوێرەی هەلومەرجی زەمان ، بەینێ بە تون و تیژی و ، ناوێ بەنەرم و نیانی ، لە جەرگەی خەباتدا زۆر کارەساتم دیون ، لە کوردستانی ئیران و عیراق بە خزمەت زۆر پیاو ماقوڵان گەیشتووم و نامەی کۆمەڵەم پێشکەش کردوون و وەرام و پەیامیانم هێناوەتەوە ، کە لێرەدا جێگەی باسیان نیە.

سەبارەت بە مەسەلەی « کۆمەڵەی ژێ ـ کاف » ، لە ڕاستیدا لە کوردستانی ئیراندا چەن کەسێک ماون. دەبێ بیرەوەرییەکانی خۆیان بنووسن و ئەگەر بیاندوێ زۆر نوختەی باریک و تاریک ڕوون دەکەنەوە. سەرەرای ئەوەش خزمەتێکی گەورەو کرینگ بە مێژووی کوردستان بەگشتی و چینی تینووی لاوانی دیمۆکرات و ئازادیخواز و نیازپاک بە تایبەتی دەکەن. ئەوجا وەروانیەش دەکرێ کە بەغەرەزی شەخسی تێکەڵ نەکرێت و لە ڕێبازی شەرەفو کوردایەتی لانەدرێت. ئەوکەسانە بریتین لە « ماموستا هەژار » کاک « سەیو حیدەری » ، « عیمسن » ، « ئاغای معینی » و چەن کەسێکی دیکە. بە داخەوە کاک هەژارم کە لە ئەندامە هەوەڵەکانی کۆمەڵەیە و زۆریش هەڵی بۆ هەڵکەوتووە کە لەو باسە بدوێ ، شتێکی وامان بۆ دەرناخا. بۆ وێنە لەهەڵبەستی بەناوبانگی بەرەو موکریاندا کە لە باری ئەدەبی و وێژەییەوە شاکارە ، وەختێ دەگاتە مەهاباد لە مەڕ ڕوودا وێکی گرینگی وەک « کۆمەڵەی ژێ ـ کاف » کە دیاردەیەکی گەورەی مێژووی گەلەکەمانە تەنیا بە سێ شێعری ڕازاوە:

ڕابەری کۆمەڵی ژێ ـ کاف کـردی
چەپەڵی دیلی لە داوێن شـردی

باغـــكـــمت پـــڕ لـــه نــعـــمـــامـــی بـــه‌رهـات
کاتـــــی خوێـن ڕشتـــــــن و دانـــــی سه‌ر هـــات
تـــالـــه ســـه‌ر تـــا بلـــــه‌رێ ئـالاکـــــمت
پـالـــه‌وان بـــوونـــه فیـــــدای بـالاکــــمت

هه‌ر به‌وه‌ ميناتـی کردوه‌و ، ئه‌ويش له‌کردموکانی کومه‌له‌ نه‌داوه‌. يا لـه دوو تابلو ماموستا يانـمکه‌ی خوێدا که‌ له‌ سناسوری گیرتسن له‌مۆسکو داهۆنيويه‌تـه‌وه‌ وشينێکی وای بۆ پيشه‌وای نمر گيڕاوه‌ که‌ شياوی ئه‌و رۆله‌ بليمه‌ت و قارمانانـميه‌، به‌داخه‌وه‌ هه‌ر ئاورێکی بۆسه‌ر کومه‌له‌ نه‌داوته‌وه‌. به‌لای منـه‌وه‌ ئه‌گه‌ر سێ تابلـو بويا و تابلۆی يـمكمـی بۆ مه‌سه‌له‌ی کومه‌له‌ ته‌رخان کردبا ، هه‌م باسه‌که‌ ته‌واودەبوو و هه‌م تابلوکان به‌ نرخ‌ترو پرپايه‌خ تر ده‌بوون.

هه‌روه‌ها له‌ ژيانناه‌ی خۆيدا که‌ به‌ سه‌ر چڵی بۆ مه‌به‌ستێکی تايبه‌تی کردوويـه به‌ ناواخنی کتێبی شه‌ره‌ف نامـه ، به‌ چاو ته‌نگی و رژدیه‌وه‌ هه‌ر ئه‌وه‌نـده‌ ده‌نوسێ: " گـوتيان ره‌شيد خانـی بانه‌ ده‌گه‌ل داگيـر که‌ر شه‌ڕيه‌تـی ، بومه‌چه‌ته‌ی ياريده‌ی کاتی ئه‌ويش چه‌تی تی خست ، چونه‌ کومه‌له‌ی ژێ ــ کاف و بووـــه بـــوێـــژی شــۆڕش " (لاپه‌ره‌ی ٨٢٥ ).

کاك ره‌سديق حميده‌ری"ش به‌ داخه‌وه‌ هه‌ر نه‌رمايشه‌کانی ئاغـای"پـوده‌ريسـی" ته‌ئيـد و دووپاته‌ کردۆته‌وه‌ و ، له‌ بيره‌وه‌ری خۆيدا که‌ چۆته‌ خزمه‌تزانای پايه‌به‌رزی کـورد "حوزنـــی موکوريانـی" ئاخێکی هه‌ڵکێشاوه‌ وله‌سه‌فه‌ری سوله‌يمانی‌دواوه‌ ، که‌ په‌يوه‌ندی ئاشکرای به‌ کومه‌له‌وه‌ لێ وه‌ده‌رناکـه‌وێ.

سه‌بارمت به‌نوسينی ئه‌و زاناو هونه‌رو تێکۆشه‌رانـه ، ده‌بـێ چـاوه‌ نــواڕی داهاتووبين ئه‌گـه‌ر ته‌مه‌نيان درێژبـێ و ئه‌و پيرانه‌ چرا به‌ ده‌ست تاريکيـه‌کـانـ رووناك کـه‌نه‌وه‌. له‌ بـه‌ر ئه‌وه‌ تا ئێستا هونه‌رو زاناکان شتێکی ئه‌وتـۆيان نه‌نووسيوه‌ وتـم خـۆم بکمـه‌ بلقاسم وتا ئه‌و جێگايه‌ ده‌توانم ڕاستيه‌کان به‌بـێ لايـه‌نـی بنووسم و ، لاوانی خۆشه‌ويستـی ولاتم له‌ چلۆنايه‌تی ژيانی کومه‌لايه‌تی و ئـابوری و زانستـی ، له‌ باری ناله‌باری ئه‌و سه‌رده‌مه‌ و نه‌بـوونی ريگاو بان و ماتين[ئالاداربکه‌م] و بزانن که‌ له‌ کوردستانـی ئه‌وزه‌مانه‌دا بو نمـونه‌ دوکتورێك يا ماما يکـی ديپلـومـه يا ليسانسێك نه‌بـوو ، ته‌نيا ، شارێکی وه‌ك سنـه‌ چه‌ن ئه‌فسه‌رێکی لێ هه‌ڵکـه‌وتبـوو که‌ ئه‌وانيش له‌ شاره‌وانی و ژاندارمه‌ری و ئه‌رته‌شدا ( مه‌سخ مه‌حيه‌ط ) ببوون.

جیگای سەرنجە کە جەنابی ڕمودەریسی" هەموو ئەو مەبەستانەی لەبیری خۆی بردۆتەوەو کاك سەید یش پرسیاریك لەو بابەتانەوە ناکات؟ •

سەرەرای ئەوە، ئاغای ڕمودەریسی" شتێکی وا دەفەرموێ کە تا ئیستا هیچ نووسەریکی بیگانەش ئەوی نووسیوە و هیچ ئەندامێکی کومەلەی بیستوە؛ وا دیارەکەیەکێ لە مەبەستە بنەرەتیەکانی پیك هینان و لە چاپدانی ئەو کتیبە هەر ئەوەبێ •

بەشی کردنەوە و تەحلیلی علیمیش، دەسەلمێ کە بوختانێکی گەورەیە ولە خەسڵەتی کوردایەتی بەدوورە وکوماری دژی ئیسلامیش زیاتر لەبەرئەوە ئیجازەی چاپی داوە. ئەویش ئەوەیە کە لە ئاخرەکانی لاپەری ۱٦ دا بەم شیوەیە دەدوێ و دەفەرموێ: "کاتیك رووسەکان بە جوانی و بەتەواوی دەستیان بەسەر ولات داگرت، یەکیك لەو شتانەی کەدەیانەویست دەستی تێدەن و بیگۆڕن کومەلەی ژێ ـ کاف بوو، بەلام هەرچی دەیان کردتیێ ئەدەگەیشتن، و تیێدا سەرگەردان مابوونەوە• دەتوانم بە دلنیایەوە بلێم ئێستاش ئەو جوورەی دەیانەویست لەو ریکخراوە هەر نەگەیشتن، بەلام کۆشش بۆ لێك بلاوکردنەوەی (متلاشی کردن) لە زور لایانەوە هەر دەکرا• ئاخری توانیان کە پیاوەلێ هاتووەکان یەك یەك و دوو دوو وەلابنێن؛ ئەلبەت لە ڕاستەوەنەیان دەگوت فلان کەس وەرە بڕۆ دەرێ [!

" وردە وردە، کاریان بە ئینسانە لێ هاتوەکانی کومیتەی ناوەندی دەسپارد، کە لە جەرگەی کارەکە دوور بکەونەوە• مەسەلەن ئەمنیان کرد مەسئولی چاپخانەی کوردستان؛ ئەگەر چی ئەوەکارێکی زۆر گرینگ بوو، بەلام هەرچی بێ ئەمنیش لە کومیتەی ناوەندی کومەلەی ژێ ـ کاف و پلەی تەسمیم گیری دووردەخستەوە• بەو چەشنە یەك یەك کارزان وەلادەندران و کارنەزان و گوێ لەمستجێگەی واتیان دەگرتەوە".

" ئەو جار لە لایان رووسەکانەوە بەتایبەتی جەعفەر باقیرئۆفەوەو وابستەکانیەوە (وەکو جەعفەر پیشەوەری) ئەو زەمزەمە ساز بوو کە پێویستە ژێ ـ کاف ئاڵ و گۆڕیکی بنەرەتی تێدا بەدیبێت، لە شکلی نهێنی بێتەدەرێ و نێوی بگۆڕێ• کە وابوو، کەم کەم کۆمەڵەی ژێ ـ کاف کەماڵ بووە و

حیزبی دیموکراتی کوردستان جیگەی گرتەوە.»

ئەوە دەقی فەرمایشتەکانی جەنابی مەلاقادری مودەریسی بووکە بێ کەم و کورتی خرایە بەچاوی خوێنەرانی بەرێز. بۆ ئەوەی لەو فەرمایشتانە کە بەوردی خراوەتە ژێر زەرەبینەوە و لە بێژنگ دراوە حالی بین، پێویستە ختێ پاشەکشە بکرێت و دیسانەوە بچینەوە ئاخرو ئۆخری سەردەمی ڕەزاشا و هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان (متفقین) بۆ ئێران. لەبەرئەوە سەرنجی لاوانی ڕووناکبیر بۆ ئەو خالانە رادەکێشم:

١ـ ئەوە ئاشکرایە کەلە ڕۆژی ٣/٦/١٣٢١ هەتاویدا، هێزی هاوپەیمانان واتە شووڕەوی، ئەمریکا و بریتانیا، بە شێوەی ڕەسمی بۆلابردنی نازیسمی ئەلمانی کە ڕەزاشا بەتوندی لایەنگیری لێ دەکرد و، بۆگەیاندنی کەرەستەی شەڕ لەئەمریکاوە بۆ یەکیەتی سۆڤیەت، هێرشیان هێنا. لە ماوەی چەن سەعات دا، ئەرتەشی بەزەرق و بەرقی ڕەزاشا تێك شکا و، ئاداری بەسەر پاداریەنەما؛ سەرانی لەشکر بەجل و بەرگی ژنانەوە هەڵاتن و، سەبازی بەزۆرگیراوی بێ سەرکرد مش تفەنگە برنەوە تازەو جوانەکەی دەفرۆشتو ڕێگای مالی دەگرتەبەر.

لە هیچ لایەکەوە بەربەرەکانی نەکراو، ئێران بی قەید و شەرت تەسلیم بوو. ڕەزاشایان بردە ئەفریقای جنوبی و حەمەڕەزاشایان لە جێگە دانا!!! "چەرچیل" سەرۆك وەزیری بە ناوبانگی بریتانیا لە وتارێکی مێژوویدا وتی: (ڕەزاخان، خۆمان هێنامان و خۆمان بردمانەوە!).

هێزی هاوپەیمانان لەو شوێنانەی دەیانەویست، جێگیر بوون و دامەزران و لە ماوەی چەند ڕۆژاندا، هێمنی کەوتەوەوڵات و رێگاو بان ئەمین بوون. چەك وچۆڵی ئەمریکایی لە باکوری ئێرانەوە بەحەتی ئاسن و ریگای ماشین دەهاتو، لە تەورێز تەحویلی ئەرتەشی سووردەدراو لەجولفاوە بۆ جەبهەکانی شەڕ ڕەوانەدەکرا.

هەر لەبەرئەوە، ئێران لە قاموسی سیاسی ـ نیزامی دا بەنێوی پردی سەرکەوتن (پل پیروزی) نێو نرا. لەلایەکی دیکەوە جەنابی مودەریسی، خۆی دەفەرموێ کومەلە لە ڕوژی ٢٥ی خەرمانانی ١٣٢١ی هەتاوی رێکەوتی ١٦ی سپتامبری ١٩٤١ زایینی پێك هات، واتە سالێك و چەن ڕۆژ دوای گیرانی بێ بەربەرەکانی ئێران و سەقامگیر بوونی ڕووسەکان. وەکوولە فەرمایشتەکانی دەردەکەوێ

دەبێ رووسەکان دوای ئەوە کە هەرتێ نەگەیشتن کـــۆمەڵە چییەو چی دەوێ ویستوویانە ناڵ و کۆڕێکی تێدا بکرێت و ، واوێ دەچێ کە ئەو بیرمو ئەوپیلانە لە ئاخرو ئۆخـــری ساڵی ٢٣و سەرەتای ١٣٢٤وە هاتبێتـە گـــۆڕێ ٠

ئەوەش لە عەقڵ بە دوورەکە دەوڵەتێکی بە دەستەلآت و گەورە وەك شورەوی نەتوانێ کۆمـــەڵەیەکی نهێنیی لە چوارچێوەیەکـــی بچـــوك وەك موکوریان دا کەشفبکا ٠

لەو سەردەمەدا ، ئێران لە ژێر دەسەلاتی نیزامی هاوپەیمانان دا بوو ،کـــــە نەیان دەویست هیچ شۆرشێك لـــە ولآت دا پێك بێ ٠

لە لایەکی دیکەوە ،دەمیان زانـــی کە بەهۆی پەیمانی " سەعد ئابـــاد " ،هـــەر سێ دەولـــەتی داگیـــرکەری کوردستـــان یەکیەتیـــان هەیـــە و بەندی حـــەوت واتە بەندی هەرەگەورەوگرینگی پـــەیمـــانـــی ســـەعدئـــابـــاد کەلـــە حەفدەی پوشپەڕی ١٣١٦ی هەتاوی لە نێوان دەولەتانی ئێران و عیراق و تورکیا وئەفغانستان بەسترا وەبە ڕاشـــکاوی دژی جوولآنەوەی نەتەوەیکـــورد ە ٠ لەم لایەشەوە ناویانگـــی کـــۆمـــەلە ڕۆژبەڕۆژ زیاتـــر دەڕۆیشت و دەنگۆی بە گوێی جاسووسەکانی ئەودەولەتانە دەگـــەیشت٠ ئەوانیش بە تیکراییی لە نێویکورد دەپەڕینگانـــەوە و لەوکاتی شـــەر دا ، لە شۆرشو ئێلچوونی هێمنایەتی دەسلمانـــەوە ٠ لە بەرئەوە ،کاربەدەستانی شورەوی حەزیان دەکرد ئەوان بزانن کە کۆمەڵە چیـــەو چـــی دەوێ ( کەشفی بکەن ) ٠

٢ ــ لە سالەکانی ٢٠ تا ١٣٢٤ پیشەوەری لە ئازەربایجان دانەبوو بە دەگەمەن دەهاتەوە ،بەڵکـــو لە تاران ڕۆژنامەی " ئـــاژیـــر " ی بلآو دەکردەوە ٠ لەوسالانەدا بـــوو کەلە لایەن خەڵکی تەورێـــزەوە بە نوێنـــەری مەجلیسی شورای میللـــــــی هەڵبژێـــردرا ،بەلآم بڕوا نامەکەی لە تاران پوچەڵ کرایەوە ٠ هاوکاتی لە گـــــەل ئەو کارەساتـــە ،فیرقـــەی دیموکراتی ئازەربایجان پێك هـــات ،ئەساسنامـــــەی وەدەرکـــەوت کە لە چەند بەندا داوای خودمختاری ئازەربایجانـــی دەکـــــرد و ڕۆژنامەی بە زمانی زکماکی ( انا دیلـــی )دەردەخـــستـــ، پیشەوەری لەو کـــــارە پیـــرۆزەدا بەشدار بوو هەرلـــە بەر ئەو تیکۆشانە و ،لەبەر رابوردووی پڕ لە شانـــازی شۆڕشگیـــرانەی،بەســـەد ری " دیموکرات فیرقەسی " هەڵبژێردرا ٠ لەو بەینـــــەدا ، ،پیشەوەری کارێکی بەسەر کوردستانەوە نـــەبوو ،لە ماوەی پتر لە سالیکدا کەناوبراو سەدری فیرقەو سەرۆکی حکومەتی میللی ئازەربایجانی خودموختـــاریـــــوو ،

زۆریە لیزانی بۆ برایەتی تورك و كورد و لابردنی جیاوازی ئەو دووگەلەبراوهاودەردە تێكۆشا و زۆریتر سەركەوت • ئەوانیتر هەر ئەندازە لە توانایان دابوو، یارمەتی كۆمەلەیان دا و لە چاپ و بەرهەم هێنانی گۆڤاری نیشتمان،كۆششیان كرد و، نابێ بیر بەم شتانە بیسن •

٢- لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە كە چین و بەرەی خەباتكێری ئەورۆ، لە جەنابی مودەڕیسی پرسیاردەكا، بۆچی رووسەكان (بەزاراوەی ئەو) دەیان ویست دەست لە كۆمەلە وەردەن و بیگۆڕن؟ بوونی كۆمەلە بۆ یەكیەتی سۆڤیەت چ زیانێكی هەبوو؟ یا شورەوی لەو گۆڕان و ئال و گۆڕەدا چ قازانجێكی دەست كەوت؟

بۆ ئەوەی زەینی خوێنەرانی خوشەویست روون بێتەوەو چێژێكی وەزمیی و ئەدەبی سیاسی بكەوێتە نێو ئەو لاپەڕانە، باسێكی سیاسی و ئەدەبی ئەو سەردەمەش دەنووسم تا بزانن بیرو باوەڕو هەلوێستی نەتەوەی كورد بە رامبەر بە ئەرتەشی سوورو یەكێتی سۆڤیەت چلۆن بوو •

لە سالی ١٣٢٢ هەتاوی دا، كاك هەژار و من، مالمان لە شارە دلڕفێنەكەی بۆكانی ئەو وەختەدا بوو • سەبارەت بە وەزعی كوردان لە زەمانی ڕەزاخانی پەهلەوی، هاتنی ئەرتەشی رزگاری هێنەری شورەوی و ڕژاندنی " بۆمبی ڕەحمەت"، بلاو كردنەوەی ئیعلامیە بەزمانی كوردی و ڕێگای بەختەوەری و سەركەوتنی كوردستانی خۆشەویستبۆ وەدەست هێنانی مافی ڕەوای خۆی قەسیدەیا بەندێكی ١١٤ شێعری هۆنیەوە كەلە ماوەیەكی كەمدا، بە ئەندازە یەك لە دلی كۆمەلانی خەلكدا جێ گیربوو كە نەتەنیا هەر لە هەموو مزگەوتەكان، بەلكو كەوشەنی بڕی و لە سنوور تێپەڕی •

پێویستە بوترێ كە حوجرەی فەقێكانی كوردستان بۆ پەرەسەندنی بیروباوەڕی كوردایەتی و نفوزی كۆمەلە نەخشێكی گرینگیان هەبوو • دەتوانم بلێم كە زۆربەی زۆری مامۆستا و فەقێكان، ئەندام یا لایەنگری توند وتیژی كۆمەلە بوون ؛ زۆریشیان دوای ڕووخانی كۆماری مەهاباد بە پاكی مانەوەو وێڕای تێكۆشەرانی تازەدەستیان كردەوە بە نهێنیكاری و شەهید بوون، وەك " مەلا رەحیمی وێردی " و دەیان و سەدان مامۆستای دیكە لە ئەو وەختە فەقێ بوون • جەنابی

ماموستا «شێخ عیزەدین»، ئەووەختە فەقێ و لەحەماماندەی خوێند و، لاوچاکێکی زانا و تێکۆشەرێکی دڵسۆز و جەسوور و وریا بوو.
ئەو قەسیدەیە لە ژێر سەردێری "عەقل و بەخت" پێنووسی گەلی کوردی دەکرد. بەداخەوە قەسیدەکەم دەس نەکەوت و پاش نزیکەی بە ٤٠ سال ئەوەی لە بیرم ماوەدەی نووسم و هیوام وایە لاوانی تێکۆشەر هەوڵ بدەن ئەو قەسیدە بە نرخە بدۆزنەوە.
لە سەرەتادا دەفەرموێ:

چیە ئەو هۆند راوە؟ عەقل و بەخت،
رێنومای کوردەکانە تا سەرتەخت
سەبارەت بە هۆو چلۆنایەتی هەلبەستنی ئەو هۆند راوە دەفەرموێت:

دوێ شەوێ، بێ خەوی سەری لێدام
زۆر وەڕەز بووم لە عاجزی هەستام
چوومە لای پیرە عەقڵی نازارم
دیم لە گەل بەخت و تەبعی سەرشارم
سێ بەسێ وەك بسرا بەدەستی جەم
کۆزیان بەستبوو لە دەوری شەم
عەقڵم ئەی پرسی، بەختم ئەیداجواب،
تەبعم ئەی هۆندەوە بە ئاب و تاب
عەقل لە بەخت دەپرسێ:

ئەی بەخت سالەها یەتۆ نووستووی
سەد کلاو بردی با، لە خەودا بوی
خەو وەها شاوپێشت بو، دەست و پەقە
هەڵنە دەستای بەزەبری مست و لەقە

بەخت لە وەرامدا دەڵێ کە هۆی راپەڕینم هاتنی ئەرتەشی سوورە.

لە ناوەڕۆکی ئەوتووێژە دا ، بە شێوەیەکی شاعیرانەباسی زوڵم و زۆرو تالانچیەکەری سەرکوتکەرانی گەلی کورد دەکا و دەڵێ:

کۆنە بیلێم حەقایەتی دەمێدەم

سەرگوزەشتەو تەزیلەی سارم ،

کوا قەدەم خێر بە دەستی کێ‌ون بوو؟

ئێلی گەلباخی بۆ سەروێن بوو؟

تیلەکۆیی بەکێ کراون گەز؟

باقیە نەقلی دارەکەی سەقز،

دێتەوە بیری حەزرەتی ئاغا

کە بەعیبرەت دەهات بە سابلاغا

شارەوانی لە دوودەس و نێزە

جەرگی مەخلوقی بۆ دەبووڕێزە؟

سەبارەت بە زوڵم و زۆری لە ڕادەبەدەری ژاندارمەری ( ئەمنیە ) و بێدادگاکانی حکومەتی ڕەشی بنصاڵەی پەهلەوی ، یەك بە یەك باس دەکا و چەن جوان و هونەرمەندانە وەزعی ئەمنیەو عەدلیە ( دادگستەری ) دەڕازێنێتەوە کەلە پێشدا ئەمنیە پەروەندەی ساز دەکرد و لە پاشدا عەدلیە حوکمی دەدا :

مەسەلەخێ نێو نرا بوو ئەمنیە ،

مەتبەخێکیش بە ناوی عەدلیە ،

ئەوی چوو ، سەر بڕا لە ئەوەڵ باب،

لە دوەم جێگەدا ،کرا بە کەباب

شارەوان ،دامپزیشك و بەیتاری

لە عەجەم هەرکەسێ هەبازاری ،

خوێن مژی مامە کورتە بوو پیشەی ،

تا دەڕنن لە بن ڕەگ و ریشەی .

دوای گێڕانەوەی بە سەرهاتی تاڵی کوردان و زوڵم و ستەمی چەن لایەنەی

سەرکونکەران ،بەخت مزگێنی هاتنی فڕۆکەی ئەرتەشی سووردا ، عەقڵ دەپرسێ و بەخت جواب دەداتەوە :

چ فڕۆکێک؟ موجەسەمەی شادی ،
کێی تێدابوو؟ فریشتەی ئازادی .

عەقڵ دیسانەوە پرسیار دەکا ئەو فڕۆکەوانە ( فرشتەی ئازادی ) چی کرد؟ بەخت وەرام دەداتەوە کە بە بەیاننامەی کوردی ،داوای لە سوپای شای خوێری کردوە کە بڵاوە بکەن و ڕەزا خانی فاشیست وەدەرنێن . هەروەهاش بوو ،چوونکە :

بە بڵاوکردنی دوو پەڕ ئاگاهی ،
بوو بڵاو ئەرتەشی شەهەنشاهی
شا ،کە شێر بوو لە ڕاوی مسکێن دا ،
دیم کە مشکە لە ژێر ستالین دا

سەیر ئەوەیە کەوشەی ( مشك ) ،بە بێ ئەوەی کاك هەژار مەبەستی بووبێ ،لە لایەن خەڵکەوە بوو بە ناز ناوی ئەو کوردانە کە لایەنگری شایەتی بوون ( وەك ناموس فرۆشانی ئیستا کە بە ناز ناوی جاش ناسراون ).لە ئاکامی ئەو وتووێژە دا ،ئەمجارە بەخت ڕوو دەکاتە عەقڵ و دەڵێ: تۆی کە هەموو چەوت و چەڵەمەیەك لادەبەی و ڕێبازی روون نیشان دەدەی لەم هەل و مەرجەدا گەلی کورد چی بکا؟ " بیکەیەك لا، هەزار و دوولا یی! "

عەقڵ ڕێ نوێنی دەکا و ڕێگای چارەسەری لە یەك گرتووی برایانەدا دەزانێ و دەڵێ :

چارەیی حەل و فەسلی ئەم ئیشە
کە بیێ ..... هەرتەوا ڕیشە

هەروەها دەڵێ دەبێ کۆمەڵێك پێك بێنین کە بە شێوەیەکی عاقلانە و تێ بینانە وەزعی ئێران بگۆڕێ :

تیـێکـی دەن ،لیـێکـی دەن ،لـە یـەك ئـانـا

سـەنك و سووکـی نـەبیّ لە میزانـا

بـێ قـرە و بـێ فـرە و پـەلـەقـاژە

خـۆش دەڵـێ شاعیـری دەری وا ژە

" بلشـویك اسـت خضـر راه نجـات

بـسـر مـحـمـد وآل او صـلـوات"

نیـّوی پیغـەمبـەرم کـە هێنـا و ئـال

بـە هـوییـّدم کـە بێتـەجێ ،ئامال

ئـەو شیعـرانە بە جـوریّ لە لایەن خەلکـەوە پەسەن کران کە، تـەنانـە ت

نەخـوێندەوارانیـش چـەن شیعریان لیّ لەبـەر کرد بـوو.

فـەزای کوردستان بەگشتـی و ئامانجـی کـۆمەلە ژێ ـ کاف بە تایبـەتـی ،

گشتیـان بە لایەنگری و ئازانجـی یەکیـەتی سـۆڤیـەت بوون. تەنانەتبۆمبارانی

شـارەکانیش لە لایـەن کـومەلانی خەلکـەوە بە بۆمبـی ( رەحمـەت) نێونرا.

جا بەو وەزعـەش چلـۆن و بۆچـی، دەیانـویست کومـەلەی ژێ ـ کاف کـالّ

بکـەنـەوە؟ دەبـوا بـە جـەنابی „مودەرریسی„دەلیکـەکانی بفـەرموبا.

باشترین بـەلگە بۆ ئەم مەبەسـتە دوو قەسیدە یا بەندی هێـزا و بـەرزی

هـۆنەریزانا و کورد پەروەری کـورد خـوالیّ خـۆش بوو„ سـەیفـی قـازی„

( سیـف القضـات)„کـە ستالیـن و میر جـەعفەر باقـر ئوف بە تا قە بارەتـی(٥)

و جیگای هیـوا و ئومیّدی گەلـی کورد دەزانیّ و تاریفیـان لیّ دەکا.زوریـەی

ئەو بـەندانـەوە نـوسم و دیسانەوە داوەری بە خوێنەرانی بەرێـز دەسپێرم:

ئـەو بـەندە لە مانگـی ذی الحجـەی سالی ١٣٢٣ی هەتاوی وترا وە و

دوای چـەند مانگ لـە ٢٥ی گەلاویژی ١٣٢٤ حیزبی دیموکراتی کوردستـانی

ئیـران دامەزرانـی ئاشکرای خـۆی راگـەیانـد:

کـوردینە ئـە وڕۆژی کـەیو کـەیف و شادیە

لـەو نیعـمە تە کە بـۆیە ستالینە حامیە

دەستی وە ئیّمەدا وە کـە چیدی زەلیل نەبین

بانگ مـان دەکا کە ئیّرکـە جیّی ئیتمینانیە

ئەوميللەتە رەشيدە كە پۆلداشى واى هەبێ
بۆ قەمع و قەلعى هەرچى ئوروپا يەكافيە
كورد ينە مژدە ليێوە كە چيدى زەليل نەبن
ميرجەعفەريش بەئەمرى وى بۆ ئێمەهادىيە
ئوستادى وامەزن دەبێ شاگردى واى هەبێ
تەئسيرى دەرسى ئەوە، هێندە چاكيە
بەيداغى سورە ئەورۆكە چاوسوورو پشتيران
كە رۆيشكە شێرو لە كنەمە باز وەك مراويە
روسورە هەر كەسێ كە قزل ئۆرد و وە پەناى
بۆمە بەسە، كە پەناى دىكمان نيە
قوربانى پيشەوايەكى وا بۆنەبى حەسەن؟
رەفتارى چاكى وانە بە ئەمرۆ قسەى وى يە
تەبريكى فەتحى تازە، دوعاى خێرى بۆ دەكەم
بۆ ئەو رەفيقە گەورە كە وا بۆمە حاميە
بۆچى زمانى دايكى لە ئێمە مەنع كرا ؟
ئەو هێندە زولم و زەحمەت و فەرقو جودائيە
دەكرانە ديل و بونە ئەسيرى لەنێو عەجەم
هەورامى، سابلاغى و عێلى جەلاليە
هێندێكى بۆ اراك و سمنان و دامغان
دەستێكى بۆ شيرازى كە جێى شێخى سەعدىيە
يادەركراوى مەوتەنە يا حەبسى بێ گوناە
كوردێكى مەزن و عاقل و مەردى حيسابيە
هەرمالە كوردێكى كە دەچوى دەستدى شيوەنە
ئەورۆ هەردێ يەكى كە دەچى سەيرو شادىيە
چەن خۆشە كوردەكان كە دەبينم بەجلكى خۆ
پشتێن و پێچ و پەستەك و چۆغە و سۆرانيە

خڕبنەوە لە هەرچی تفەنگینە داوتە
تەقڵە و جلیت و هەوهەوسواریەو گۆرانیە
ئەو جارە کەمش نە مردم و دیتم بە پرچەکی
شیرو دەمانچە ، خەنجەرو پرنوی سەوارە
قوربانتو بم وەرن ببنە دۆستی یەکتری
زۆر عەیبە ڕێگری و دزی کارێکی چانیە
خەلکی دێدل خۆشن بە جێکەو مەوتەنی خۆیان
بۆچی ئەمش نە خۆینەوەلم چۆمو کانیە ؟

بەندی دوو پەیامی دوعا و سلاو :

ئەورۆ حەسەن پەیامی دوعا و سلاویە
بۆمیللەتی ڕەشیدی پەنای بەش خوراویە
کانی عەدالەت و "وەکویەکیی" وبرایەتی
زەحمەتکەش و بەکار ، چ ژن یا پیاویە
هەر عیلم و سەنعە تەکەلەکن وان ڕەواجی بێ
بێ قەدرە دەولەمەندی و موڵکی کراویە
کوردان کەهاتو چو دەکەن ئەورۆبە پرچەکی
"نیشتمان" زمانی وانە بە ئەمری دراویە
رۆژنامە کانی ترکی لەتەورێزێ دایرن
بۆچ هەر لە کوردی ، دەردی دڵ و تەنگە تاویە
خۆ کورد و فارس هەر دو برای دایك وبابێکن
وەك یەك نەبێ لە بەرچی ، بەش و نان وناویە ؟
لەوجەورو زوڵم و زەحمەتە ، دەدرێ بەکوردەکان
مانیان نەمانە ، ژینێکی سەگ تێ ڕاویە
پێم کوت بە پادشا و بەوەزیر و نەخوستوەزیر
ئاوڕێك وە کوردی دەمن ، وە بە حالی بەلاویە

هەر کوردە خوێنی خالیسی ئێرانی پاکی بێ
نەی کرد ووە بە ترك و هەرەمبێکەڵا مە
بێ ڕوحمی، بەدنیهادی دەگەڵ کوردی تا بەکەی
بەس بێ، ئەوە فەرق و جودائی چ نامە ؟
ئاسودەیی مەرامیە،کوێخایی مالی خوێ،
نەك بێتە ژێر چەپۆکە، بە شەق لێد رامە
سەر سەوزە باغی ئارەز وەنیزیکە بێتەبەر
مەزرای هومێدی تینوە،وەختی شەوامە
هەر کەس کە ڕوشدی بێ هەوەسی مالی خوێ دەکا
تووێکە زۆر لە مێژە لە باغدا چنامە
ئەخلاقی چاك وخوێندن و یەندا ری و ئیتحاد
گورج و بەکار و جلد بێ ئەڵێن ساوەمە
بە زمانی دایکی خوێندن و نوسینی بۆ نەبێ ؟
ئەو میللەتی قەدیم و زبان بەسترامە
حوببی وەتەن نیشانەیی ئیمانەکوردەکان
نیشتمانی خوت وەژێنە بە پێچ و کڵامە
مەرد چاکە ئەو کەسەی سەری دانێ لەڕێی وەتەن
پاکی نەبێ لە بەند و لە داری چەقامە
تۆ سەر لە من بخوازە لەبۆ کیشکی نیشتمان
چی دێتە سەر زمان، بەکوردی کرامە
هەورامی و جەلالی بۆ سمنان و ساوە چوون
سابلاغی بۆ شیرازی رەمێچەك درامە
مەرکەز لە بەر چی هیچی نەپرسی لەحالی وان
کێی دی بەغیری کوردی وەتەن دەرکرامە؟
میوان بە خێر هێنانە لەبۆ کوردی بوتەشبوێن
دەرك ئاوەلایە، سفرەیو ڕا خرامە

هەرچی گوتم نەسیحەتە عەینی حەقیقەتە
نەك سوحبەتو جەفەنگە مەڵێن چاووڕاویە
ئەوشیعرە لایقن لە بەری کەن جحێلەکان
یادم بکەن بە خێرو دوعای بۆکراویە

٥ــ مەبەستێکی دیکەی جەنابی «مودەڕیسی» ئەوەیە کە پاش نزیکەی ٤٠ ساڵ گلەیی لەوە دەکا کە ئەویان لە پلەی تصمیم گیری و کومیتەی ناوەندی وەلانــا و کارنەزان و گوێی لەمست بنکایان گرت. ئەو برا گەورەو خۆشەویستم بەداخەوە لەو ڕاستیە و لەو واقیعیەتە خۆی بوارد وە کە وەختێ شەڕی دووهەمی جیهانی تەواو بوو و فاشیسم شکا و هیتلێری دونیاگر (وەك هەوەسی ئێستای خومەینیی) خۆی کوشت یا خۆی سووتاند و شوێنی وون بوو، و تفولەعنەتی هەتاهەتای بۆ خۆی کڕی، هەروەها «موسولینی» کوژرا و فسر فسرپاڵەوانانی داتاشراوی وەك ڕەزاشا لە ناو چوون، گەلانی زۆرلێکراوی دونیا کە ئەووەختە موستەعمەرەیان پێ دەگوتن و هەموو ئازادیخوازان، ئاواتیان وا بووکە ئیتر زولم و زۆرداری لە دونیا دا نەمێنێ. نەتەوەی کوردیش هەر ئەو هیوا پیرۆزەی هەبوو؛ بەو هۆیەوە بووکە دڵسۆزان و کارزانان و تێگەیشتوانی ئەو سەردەمەلە کوردستانی ئێران دا، کە زۆربەیان ئەندامی کومەلەی ژێ ــ کاف بوون، بە ئێکرایی هاتنە سەرئەو بڕوایە و بڕیاریان دا کە حیزبێکی نوێ بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دامەزرێ و پێك بێت، هەروەکو دامەزرا و پێك هات، و کاك «بینایی» کە هەمان قازی محەممدی نەمر و ئەندامی کومەلەبوو، بە سکرتێری و پێشەوایی هەڵبژێردرا.

ئاڵ و گۆڕێك کە لە کومیتەی مەرکەزی دا کرا، ئەوەندە بوو کە مەسئەلەن جەنابی «مودەڕیسی» بوو بە مەسئول و بەڕێوەبەری چاپخانە.

چاپخانەی کوردستان، لەو سەردەمدا ئەوەندە گرینگ بوو کەزۆربەی ڕۆژان، پێشەوای شەهید سەر لە بەیانان بەر لە گشت کارێ دەچووە چاپخانە، چاوی بە کاك مودەڕیسی و زانای خۆشەویست خوا لێ خۆش بوو «سید محمد حمیدی» دەکەوت و وتووێژی لە گەڵدا دەکردن. چوونکە سەرەرای «ڕۆژنامەی کوردستان»

تەواوی ئیسلامییە و هەموویشی تەبلیغات بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان ، هەرلەوێدا چاپ دەبوو ، دەبوو کەسانێکی زانا و ئەدیب و جێگەی متمانە لەوێ بن .

هەروەها " حوسەینی فروهەر " و " محمدی یاهو " کە لەپلەی تصمیم‌گیری وەلانرابوون ، بوون بە مەسئولی کومیتەی شارەکانی سەر بە ژ . کاف و کانگای هومێدی کوردستان و پایتەختی کۆماری ساوا و خۆشەویستی کورد .

وا وێدەچێ کە جەنابی مودەریسی ، ڕووخانی کۆماری لەوەدا زانیوە کە ئەوانە لە پلەی تصمیم‌گیری وەلانراون ، یا " میر جەعفەر باقرئۆف " و "پیشەوەری" هۆی کاڵ بوونەوەیان پێك هێناوە . ! ! ! سەیر ئەوەیە کە جەنابی موەلا قادر لە نەکاو باز دەدا و دەفەرموێ : "عبدولرحمانی ئێلخانی‌زادە" شیاوی هەموو چەشنە ڕێزو حورمەتێکە ، چوونکە لە ڕوانگەی ماڵییەوە ئەو پەرەیا رمەتی بە ژێ ـ کاف دەکرد . خوالێ‌خۆشبوو " حاجی رحمان ئاغای ئێلخانی‌زادە " حورمەت و ڕێزەکەی لە بەرئەوە نەبوو کە لەڕوانگەی ماڵییەوە یارمەتی ژێ ـ کافی دەکرد ، بەڵکوو " برای راست " بە ژمارە ٦١ زیاتر بە هۆی ڕاستی و زانایی و دڵسۆزی لە کۆمەڵەی ژێ ـ کاف دا جێگەی ئیحترام و خۆشەویستی ئەندامان بوو ، دەنا لەو زەمانەدا هەموو کەس بە گوێرەی توانا خزمەتی دەکرد . تەنانەت برا کوردەکانی بەشەکانی دیکەش و شاعیرو نووسەرانی ئەوسەردەمەش بە هەموو تواناوە یارمەتیان دەدایین ، بە شێوەیەکیش ڕووخانی کۆماره ساوا و ئازیزەکەمان و داگیرکردنەوەی مەهاباد بەشێکی زۆر لە ئەندامانی حیزب نەیانتوانی لە ئێران دا دانیشن و ناچار ڕوویان کردە کوردستانی عێراق لە وێ بە هۆی جوانمێری دڵسۆزی کورد شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحمود ی نەمرەوە دامەزران . مێژووی خوێناوی کوردستان هیچ کاتێ گیانبازی و فیداکاری ڕۆلە ئازەنەکانی وەك : شەهیدان " ئەحمەد خان فاروقی (سالار) " و دوو برای ئازا و جوانمێر و پێنج کەس لە خزمە دلێر و نەبەزەکانی کە بە تێکڕایی ١١ کەس بوون و لە ڕۆژی ١٣٢٥/١٢/٢٦ لە شارە خوێناوییەکەی سەقز ئیعدام کران ، لە بیرناکات . یا خزمەتی کوردی دڵپاك و ئیشتمان پەروەر " مەلا عەبدوڵای داودی " کە بەخوێنی دڵ ئەوەڵ فێرگەی سەرەتایی ( گەلاوێژ ) ی

دامەزراند ، جێگای باس و تاریف بوو.

لاوانی بە شەرەف و خەباتگێڕ و تینوی راستی لە کوردستانی راپەڕیوی ئەورۆ، لەو جەنابانە دەپرسن: بۆ بە حوکمی بێدادگای حەمەرەزاشا سێ دارەی بێسەداد لە شارەکانی مەهاباد ـ بۆکان ـ سەقز هەڵخراو و گەردنی سەرفەرازی سالاران و شۆڕسوارانی قارەمانی کورد واتە ئەندامانی بەئەمەگی کۆمەڵە و پێشمەرگە نەبەز و دلێرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی پێدا هەڵواسرا و زیندانەکانی سەقز و مەهاباد و ورمێ و تەورێزلە ئەندامانی ئاخند را و پیرە پیاوانی وەك حاجی بابا شێخ و حاجی موستەفا داودی بە پتر لە هەشتا ساڵ تەمەنەوە لە زینداندا مانەوە، بەلام بەوانەی کە مەقامی وەزارەتیشیان هەبوو، ئەوترا پشتی چاوتان برۆیە؟ هەروەها زۆر پرسیاری دیکەش دەکەن.

من ئیقرار دەکەم کە خودا لێ خۆش بوو، حاجی رەحمان ئاغای ئیلخانی زادە کە ناسناوی گۆڕیبوو بە «موهتەدی»، کوردێکی پاك، موسلمان، لێبوورد و و پیاو ماقوڵێکی زۆر زانا و ئەدیب بوو، تا زەمانی فەوتی، پیاوانەژیا، بڕوام نیە کورەکانیشی بە ئەندازەی من رێزی لێ بگرن، بەلام ئەگەر جەنابی مودەڕیسی ویڕای ناوی ئەو خوا لێ خۆشبوە، ئێوی تێکوشەرانی دیکەشی نووسیبا بێ لایەنانەتر دەبوو.

دیسان ئەوبەرەو چینی پێگەیشتووی کوردستانی ئازیز لە جەنابی مودەڕیسی دەپرسن و دەڵێن: قوربان، ئەوە «کۆمار» رووخا و کاروان سالارەکەی شەهید کراو بوو بە قافڵەی کاروانی لەپسان نەهاتووی شەهیدانی گەلەکەی، ئەوە تەوژمی ئیعدام و کوشتن و گرتن و تالان کردن بڕایەوە، ئەوە زیندانیەکان ئازاد بوون، حیزبی دیموکراتی کوردستان دەژیتەوە، ئێوە، ئێوەی کارزان و دڵسۆز کە بە سلامەتی ماونەوە، لەو هەل و مەجەدا بۆ ئازادی، بۆ رزگاری گەلی کورد و، بۆ خزمەت بە وڵات چ هەنگاوێکتان هەڵگرت؟ ئێوەی بە ئەزموون کام حیزب، یا کۆمەلە، یا رێکخراوێکتان پێك هێنا؟ بۆ چی بێ دەنگ دانیشتی و لەژێر سێبەری جەنابی مەلا عەولای برات حەساتەوە؟ بۆچی ماوەی نزیك بە ٤٠ ساڵ، هەروا بێ هەرا و بێ دەنگ بوون؟ بۆ لەم کاتەدا کە

کێو وکەژ و دەشت و دۆلی کوردستان بە خوێنی پاك و پیرۆزی رۆلەکانی کورد رەنگاوە ، بەم شێوە وتووێژ دەفەرموون ؟

بۆچی لەم هەل و مەرجە ناسکەدا هیچ باسێك لە قەلاچوو تالان وکوشتن و گرتنی گەلی کورد نافەرموون ؟ ئایا دەنگی ئەو کشتەئازار و ئەشکنجەیە کە لە دونیا دا دەنگی داوەتەوە ، بە گوییان نەگەیشتووە ؟

جەنابی کیاك سەیدی نوسەر ، بەو گشتە زانایییەوە سەبارەت بە حیزب و ریکخراوە ، بۆ حیزب یا سازمان یا کومەلەیەکی باشتری پێك نەهێنا ؟

بۆ لە ژێر سیبەری شوومی حکومەتی رەش و دیکتاتوری ویلایەتی فەقیهی خومەینی گلاو ، کە گەلەکەتانی بە کافر داناوە و فەرمانی جیهاد و قەتلوعامی سادر کردوە ، ئەوەی زانای کورد ، لە لەفافەدا هیرش دەکەنە سەر شۆرشە مەزنەکەی و ریبەری ئازیزی ئەو شورشە ( حیزبی دیموکراتی کوردستان ) و دلی بریێ سادەلکە ، سارد دەکەنەوە و تۆوی ناهومیدی دەچێنن ؟

هەروەها ، بەرەی لاوانی راپەرپەو و شۆرشگێری ئەوروی کورد ، لەو جەنابانە دەپرسن : تەئسیری کومەلە لە کوردستانی ئیراندا چ بوو ؟ کومەلەیەك کە ئەوەندە نهێنی کاریەوو ، تەنانەت دەولەتی شوورەوی نەی زانی چییە ، چ خزمەتێکی بە کورد و کوردستان کرد ؟ لێرەدا بە پێویستی دەزانم چاویکی دیکە بە وەزعی ئیرانی ئەو وەختەدا بگێرین و پاشەکشە بکەین تا وەزعی کوردستانیشمان باشتر لێ حالی بێ .

پاش رۆیشتن و هەلاتنی رەزاشا ، لە سەر بریاری هاوپەیمانان ، حەمەرەزا بووبە شەهنشای ئیران و لە مەجلیسی شورا سوێندی خوارد . کابینەواتە هەمیشەتی دەولەتی تازە پێك هات و ئاغای " محمد علی فروغی " (زکاء الملك ) بووبەسەرۆك وەزیر و بە روالەت حکومەتیان دەکرد ، بەلام لە مەعنادا بالیۆزخانەی هاوپەیمانان بە تایبەتی بالیۆزخانەی ئیستعماری پیرو فێلبازی " بەریتانیا " و ئیمپریالیستی تازەکار و دەولەمەندی " ئەمریکا " کاروباری ووڵاتیان بەرێوە دەبرد و بە ئارەزوی خۆیان کابینەیان دەگۆری و لە کاتی هەلبژاردنی نوێنەران ( انتخابات ) ، لیستەی نۆکەران یا دۆستانی خۆیانیان

پە دەولەت دەدا کە دەبێ ئەوانە هەڵبژێرد رێن.

ئەو باڵیۆزخانانە، بیوونە ڕووکەی سیاسەتمەدارانی هەلپەرست؛ هەر لەو ڕۆژانەدا "سەید زیای تەباتەبایی" کەیەکێ لەدار دەستەکانی لە مێژینەی بەریتانیا و لە فەلەستین دا بە ڕواڵەت بە ناوی دوورخراوە دەژیا، بە دەستووری ئەرباب هاتەوە تاران و لە گەل جەنابی (مظفر فیروز) کوڕی شازادە (نصرة الدولە)ی بە ناو بانگ، ڕۆژنامەی "رعد امروز" یان دەرخستو، و ئالقەی عەنعەناتی میللیان دامەزراند. سەر لەشکر ارفع سەرێکی ستادی ئەرتەش کە ژنەکەی ئینگلیسی و ندیمەی تایبەتی دەربارو، مامۆستای خانمەکانی حەرەم وەك: شازن، شمس، اشرف و فاطمە خانمی بەناوبانگ بوو، ئەویش لە نێو ئەفسەرانی ئەرتەش تاقمێکی پێك هینا کە شەهید سەدی نەمر (خسرو روزبە) لە کتێبی (اطاعت کورکورانە) دا وەزعی ئەوانی نووسیوە.

ئازادیخوازانی وەك "سلیمان میرزا ئەسکەندەری" لە گەل زیندانیە سیاسیەکانی هاوڕێی شەهیدی زانا "دوکتور ئەرانی" کۆبوونەوە و حیزبی تودەی ئێرانیان دامەزراند و ڕۆژنامەو گۆڤاری پڕ لە بیروباوەری ئازادیخوازی و شۆڕشگێرانەیان بڵاو کردەوە کە ئەو زەمانە بوو بە جێگای هومێدی کرێکاران و چەوساوەکانی ئێران و لە گەل ڕۆژنامەی "رعد امروز" و داروودەستەی سەید زیا و کونەپەرستان، کەوتنە شەڕەقسە و شەڕی تەڵەمی.

لە باری ئابووریەوە، بە هۆی شەڕی گەورەوە شتومەك و خواردەمەنی کەم بوو بازاری ڕەش برەوی پەیدا کرد، شکر و قەند و چا بە کوپن دەدرا، جەوازفرۆشی بوو بە سەرچاوەی داهاتی کاربەدەستان (وەك ئیستای دەسەلاتدارانی خومەینی)؛ ڕژیمی فیودالی و ئاغا و رەعیەتی بە سەر ئێران دا بە تەواوی حاکم بوو، سەرۆك عەشیرەت و پیاوە ماقولە دەوڵەمەندەکان بە نەمازنەوای دەولەو، سەلتەنەو، میللەو، مولك، دەبوونەوەزیرو وەکیل و کاربەدەستی گەورە.

کابینەی حکومەت پەیتاپەیتا دەگۆڕا، هەر چەن مانگ کابینەیەکی لایەنگری بەریتانیا یا ئەمریکا پێك دەهات، تای تەرازوی سیاسەت بە قازانجی ئەمپریالیستی تازە نەفەسی ئەمریکا لاسەنگ دەبوو و هەلپەرستان قیبلەیان دەگۆڕی، بەلام

لە هەموو کابینەکان و مەجلیسەکان ، ئەکسەریەت، واتە زۆربەی ئەندامان خزم و قەومی یەکتری بوون کە بە ناوی ( هەزار فامیل ) ناز ناویان دەرچوبوو گشت کاروباری ولاتیان بەدەستەوە بوو.

نفوزی هەزار بنەمالەتا ئەم ئاخرە بە شێوەیەك بوو کە زۆربەی ژن خواستن و ژن هێنانیش ( ازدواجی سیاسی ) بوون و بۆ خزمایەتی لە گەل ئەو وێنمالانە و لە ڕاستیدا بۆ پاراستن یا وەدەست هێنانی قازانجی تایبەتی و مەقامی دەولەتی بوو.

چەوسانەوەی کرێکاران و جوتیاران شتێکی ئاسایی بوو؛ هەرکارخانەدارێك یا سەرمایەدارێك یا خاوەن دێ و زەوی وزارێك ، بە ئاسانی دەی توانی هەموو کارێك بە ژێردەستەی خۆی بکا ؛ ئیداراتی دەولەتیش هەمیشە قازانجی ئەوانی دەپاراست، ئایەتوڵلا و حوجەتول ئیسلامەکانیش کە خزمایەتی و ژن و ژن خوازیان لە گەل هەزار بنەمالە پێك هێنا بوو مەوقوفەجاتی ئیمامەکان و مزگەوتەکانیان بۆ خویان تەرخان کرد بوو، خاوەن زەوی و سەروەت و سامان بوون و فتوایان هەمیشە بە قازانجی سەرمایەداران و دەسەلاتداران بوو. لەو هەلومەرجە دا ، لە کوردستانی دواکەوتوو ، خان خانانی بەرەوی سەند ، هەر ئاغا شەڕە یا خانە ڕووتەڵەیەك ، خۆی بەخاوەن دەسەلات دەزانی و زوڵمی لە ژێردەستەی خۆی دەکرد و دەی چەوساندەوە.

وەکو نووسرا ، لە ماوەی ٢٠ سال حکومەتی دیکتاتۆری ڕەشی ڕەزاشا دا ، کوردستان وێران و کاول و دواکەوتووتر لە شوێنەکانی دیکەی ئێران ڕاگیرا بوو.

ڕەزاشای پەهلەوی دەیەویست کورد بتوێنێتەوە و شوێنەواری فەرهەنگ و فۆلکلۆر و زانست و جل و بەرگ و داب و ڕەسمی کوردی بفەوتێنێ؛ بە کورتی هەوری ڕەشی ملهوڕی و دیکتاتۆری سەرانسەری ئێران و بە تایبەتی کوردستانی داگرتبوو. تابلۆی گەورە بە خەتێکی جوان کە شیعری : ( چە فرمان یزدان چە فرمان شاه ) ی لێ نووسرا بوو ، لە گەل دەستووری : ( فارسی حرف بزنید ) لە شوێنە گشتیەکاندا هەڵواسرا بوو.

پاش ئەو دیکتاتۆریەش ، عەشایربازی و خان خانانی دامەزرا و نەتەنیا دێهات

بەڵکو لە شارەکانیشدا حکومەتی دەرەبەگایەتی بە سەرخەڵک دا حوکمی دەکـــرد: باجیان دەستاند ،عەوارزیان وەردەگرت،ملك و زەوی و زاری بێ دەسەلاتانیان داگیر دەکرد ؛بەکورتی غەیری شاری مەهاباد کە بەهۆی رۆڵەی دڵسۆزی کورد قازی موحەممەدی نەمرەوە لێ پرسینەوەیەك هەبوو لە سەرانسەری کوردستانی ئێران دا کەس لە ماڵـــو گیانی ئەمین نەبوو ،لەهەل ومەرجێکی وا بوو کە کۆمەڵەی ژێ ـ کاف دامەزرا •

زۆری پێ نەچوو کتێبێکـی بەرواڵەت بچـوك وەدەرکـەوت ،دەس بــە دەس و ماڵ بـە ماڵ و دێ بە دێ و شار بـە شاری کـوردستانی پێوا و دڵانی تامــەزرۆی تێــــــراو و رووناك کردەوە ؛کۆمـەلانی خەڵك بە خۆشیەوە بە شـــوێن میـرزا و خوێندەواریکی وادا دەگـەڕان کـە کوردی بزانـێ • ئەو کتێبە هـەمـــووی شێعـر بوو ،چـوونکـە شێعر و هـەڵبەست لە گیانی کورد دا هەست دەبزوێنــێ ژن و پیاو دەیانگـوت زۆر بەکەڵکـە ،بە تایبەتی رووبــەرە و سەر جڵدەکــــەی پیرۆز و دڵرفێـن بوو ،چوونکـە رۆژی کـوردستانی تێدا نەخشابوو و دوو بەیتـی " ژێ ـ کـاف " بە لاتینی لە ناوەراستـەکەیـدا بـوو ؛ بەدەوری ئەوتیشکـەوە ئایەتێکی پیرۆزیش مانـای لێ نووسـرابـوو : " کم من فئە قلیلــــە غلبت فیـە کثیـرە باذن اللـە " واتە زۆر کـۆمەڵی بچـوك هەن کە بەسەر کۆمەڵی گـەورە دا زاڵ دەبن و سەردەکـەون بە فەرمانی یەزدانی مەزن ؛بۆیــە بـــە ئیحترامەوە دەستیـان بۆ دەبرد و ماچیان دەکـرد •

لە سەرەتادا نـووسرا بوو : " شـارەزو " ئاواتی مەلای گـەورە خـــوا لێ خۆشبـوو جەنابی مەلا مـحەممەدی جەلی زادەی کـۆیـی ،کە ناو و دەنگـی زانایی و پیـرۆزی لە هـەموو کوردستاندا بە ناو بانگ بـوو :

زۆر بـــوە بەرخێکـــی لـــەڕ و لاواز
بۆتە خـڕتێکی دووگ زەلام و قەڵـــەو

یا منالێکـــی سیس و مـــــەسرەدۆخـــــە
بۆتە پیاوێکـــی گـورج و گۆڵ و پتـەو
گـەلـێ میللـەت وەها دەسەرکـەوتـــون
کـە نەبێ نە خـەیـاڵ و وەهم و خـەو

بـۆیە ئـومێـد ئەکـەم لە لوتفـی خـودا
خـــالقـی مانگ و ڕۆژ و ، ڕۆژ و شـەو
تـەلەفـونـیّ بخاتـە نێـو کـــور دان
بـانگـی یـەکتـر بکەن بە دەنگـی هەلـەو
هـــەو هـەوی میـرەوان لـە مـەیـدانـــا
زەلـزەلـەی خـاتـە مڵکـی کەی خوسـرەو
کـــــورد ەکانیش بکاتـە ساحیب جـــا
سنـــە اللـــەفـی الـذیـن خـلـــو
بـە نـەزەر تـۆ خــودایە ئـاسـانـــە
بـاز و شـاهیـن هـەڵێن لـە ترسی کـەو

بـە داخـەوە هەر ئەو چـەن شیعـرەم لە بیر ماوە . بە دەیان و سەدان کـەس لێیـان دەپرسیم کە چـۆن ؟ زمانی کـوردی پێش ئەلف و بێی هـەیـە ؟ بە کـوردی دەنووسـرێت ؟ کتێـب و مێـژوومان هـەیە ؟ گەلی کـورد لــە دەرەوەی ئێـرانیشـدا هـەن ؟ و زۆر پرسیـاری دیکـە .

زۆری پێ نەچـوو کە عەقڵ و بەختی کاك هـەژارم دەرکـەوت و ڕووناکـی خستە وولاتـ.زور کـەس وا هەبـوون کە تەواوی شێعـرەکانیـان بە ڕێك و پێکـی لە بەرکـرد بوون و بە شانازیـەوە لە مزگەوتـان و لە قـاوەخانـــان دەیان خـوێندەوە . شیعری میللـی ، لە بـەرکردنی ببوو بە بـاو ، تەنانـەت دەرۆێش وکـۆچەرەکان کە گـەرمێن و کوێستانیـان دەکرد ، بە دەفـەوە شـێعـری نەتـەوەییان دەخـوێندەوە . خەلك لە خۆشیـان دەگریان ، وشەی ئـــازادی و سەربەخـۆیی هەموو دلێکی شـاد دەکـرد .

کـومەلە وەختـێ ئەو پێشوازیـەی خەلکی دیو ، بیستی و ، زانی کەچۆن کومەلانی خەلك بەرەوپیـری دێـن ، کەوتـە ئەو باوەڕەوە کە بۆ بلاوکـردنی بیرو بـــاوەڕی کـوردایەتی و نیشتمـان پەروەری و ، بۆ جـوڵانـدنی هەستی نـەتـەوایـەتـی و ژیاندنەوەی وێژە و ئەدەبـی کوردی گـۆڤـارێکی هێزا چاپ بکـا ، بەلام بەچـی ؟ لە هەموو کوردستاندا چاپخانەیـەك نەبوو ، دەوڵەت نـەی هێشتبوو ناسیلکەیەك

یا کتێبێك بە زمانی کوردی چاپ بکرێت؛ لە تەورێز کە چەن چاپخانەی تێدا بوو، نەیان دەوێرا یا پێی یان خۆش نەبوو، رێگای ترانیش دوورو وەسیلەی ها توچو کەم بوو؛ بە هەزار زەحمەت لە تەورێز مودیری چاپخانە یەك ئیجازەی دا! و سازکرا، هەوەل ژمارەی (نیشتمان) لە چاپ دراو دەرکەوت. نازانم، جەنابی مودەریسی ئەو رووداوە گرینگەی چۆن لە بیر چۆتەوە؟

چاپ و بڵاو بوونەوەی "نیشتمان" ئۆرگانی "کۆمەڵەی ژێ ـ کاف" لەو هەلو مەرجەدا دەتوانم بڵێم گەورەترین رووداوی ئەو وەختەی کوردستان بوو.

عالم سەری سوڕ مابوو و دەیان پرسی: ئەو کۆمەڵە لە کوێیە؟ چەن هەزار کەسن؟ چۆن دەوێرن شتی وا بنووسن؟ چۆن لەم هەل و مەرجەدا کە هەر ئاغاو خانێك دەتوانێ بەبێ پرسینەوە خەڵك بکوژێ، کۆمەڵەی ژێ ـ کاف خەڵك دژی دەرەبەگایەتی هان دەدا؟ ئەمانە چ جەرگێکیان هەیە کە سەبارەت بە عەشیرەتەکان دەڵێن:

مىللەتێك هەن لە نێوەی عاشیرەت
خۆ بە خۆ شێر، لە غەیرە بێ غیرەت
هەرکە تورکێ گوتی: «چەکێن دانێ»
کەس نە شکێ نیە لە وان خانێ

یا کاتێ کە هۆنەرێکی دڵسووتاو و دڵسۆزی کورد لە کوردستانی عێراق بە ناوی "فانی" کە بەهۆی ئەندامێکەوە پەیوەندی لە گەڵ ژێ ـ کاف ئەبوو لە دەرەبەگایەتی و زوو بەرەکی کورد دەینالاند وەی گوت:

ئەمێکەم دێتە سەرزاری
دەڵێم بیڵێم و ناوێرم

لــــه بـاســـــی خـان و رەفتـــاری
دەڵێـــم بیلێـــم و نـاوێـــرم

لە یەکێ لە ژمارەکانی نیشتمان دا چاپ و بلاو کرایەوە، بەڵام هێمن هۆنەری کۆمەڵەی ژێ ـ کاف بە ڕاشکاوی وڵامی دایەوە و گوتی :

هــەچێکـــی بێتـــە ســـــەر زارم
ئـەمـن دەی لێـــم و بێ باکـــم
ئـەگــەر چی بێکـــــەس و زارم
ئـــەمـن دەی لێـــم و بێ باکـــم
ئـەوی ئـاغـا بێ بێـــــکارە
جـــەبـــوون و قـــەڵـــس و لاســـارە
دژی وڕێ گـــــرتنـــی کــــــارە
ئـــەمـن دەی لێـــم و بێ باکـــم

دەربـــڕینی ئەو جۆرە بیـــر و باوەڕە و بـــڵاو کردنـــەوەی شیعری دژی دەرە بەگایەتی لەو سەردەمەدا جـــەرگی دەویـــست و هەر وا سووك و ئاسان نـەبوو.
کـــۆمەڵەی ژێ ـ کاف بانگی یەکسانی و برایەتی دەدا و، دەیگوت: وا چاکـــە هـــەموو دەستـــە بـــرا و عـــەینـــی برا بیـــن.
شـــۆڕە لاوانی ژێ ـ کاف بەداوێن پاکی و شەرەفـــی کوردایەتی خـــۆیـــــان ئەو داوایـــانـــەیـــان یەکـــردەوە ســـابت دەکـــرد و دەیان سەلماند کەڕاســـت دەکـــەن و ژن و پیاوی کـــورد بە خـــوشك و برای خـــۆیان دەزانن و، بە هیـــچ شێـــوەیـــەك بـــەلای خـــەیانـــەت دا ناچـــن.
بـــۆیە کۆمەلانی خەلك بە باشترین شێـــوە ئامێـــزیان بۆکردەوە. نیشتمان بەرەوەری و کـــوردایـــەتی چـــــەشنێ پـــەرەی ســـەند کە بەرامبـــەر بە ڕەگـــەز پـــەرستـــی پەڕاشـــا کـــە دەیەویـــست کوردستان بگـــۆڕێ و کورد بتوێنێتـــەوە، کــــــوردی بەرچاو تەنگی وا پـــەیدا ببوو کە دەی گـــوت :

" ئەگەر مەردی ،کوڕی کوردی ،لە ئاساری عەجەم هەڵدە " !

شوێنەواری حکومەتی رەشی ملهوڕی و دیکتاتۆری لە کوردستانیش دەفەوتا . هەروەکو خەلکی مازندەران،کە زەوی و زاریان بە زۆروەفڵ ببوە " املاك سلطنتی " واتە ملکی پاشایەتی و،قەبالەو سەنەدی بە ناوی چەپەلی رەزاشاوە سەبت کرابوو لە بودجەی دەوڵەت بە خەرجێکی زۆر خانووی تازەی لی دروست کرا بوو ،بەڵام چون دەستپاو دەستێژی دیکتاتور بوو ،وەرزیران و زەحمەتکیشانی ئەو ملبەندە هەموویانیان تێك داو تاولیان کردن و بەرسم و دابی خۆیان کۆخ و خانووی کرمانجییان لێ دروست کرن . لە کوردستاندا بەر لە گشت شتێ ،جل و بەرگی کوردی بوو بە باو ؛هەرکەسە حەولی دەدا زووتر کەواو پانتۆڵی کوردی لە بەرکاو ،پێچ و پشتێنی جوان ببەستێ و خۆی برازێنێتەوەو بگەرێ . ئافرەتانی کورد سەرەرای جل و بەرگی رەنگین و رازاوەی خۆیان ،دەبوو مێزەرو پێچی پیاوانیش هەڵبەستن . وەزعێکی سەیر بوو ،شۆرە لاوان بە بەرگی کوردی خۆیان دەرازاندەوە و کیژانی چاومەستی پشتێن شل و مل ،بەلاروله‌نجەوە هاتوو چۆیان دەکرد ،عیشقی ئینسانی و ئەوینی نیشتمان پەروەری ، بە ئاگری پیرۆزی خۆی ،کوردستانی رووناك و گەرم کرد بوو .

لاوان بە عیشقەوە فێری کوردی نووسین و کوردی خوێندنەوە دەبوون ، کوردی زان ،فرو ماقوڵ ببوو . لەو فەزایە دا بوو کە ناوونا و بانگی کۆمەلەی ژێ-کاف سنووری بڕی و لە کەوشەنی وولات تێپەڕی .

نهێنی کاری و دیسپلینی توند وتیژی کومەلە فەزایکی وای خوڵقاند بوو کە خەلك وایان دەزانی کومەلە خاوەنی چەند چاپخانە یا چەند هەزار ئەندامی چەکدار و فیداکارە .

ناو و ناوبانگی عەزەمەت و گەورەیی ژێ-کاف ،دوژمنی سوێند خۆری گەلی کورد واتە بنەماڵەی گڵاوی پەهلەوی و شەخسی حەمەرەزاشاو دەوڵەتی تارانی توقاند .

رێکنی دوی ستادی ئەرتەش و،جاسوسانی دەربارلە هەموو چەشنە

بەرگ و لیباسێکدا دەهاتنە کوردستان تا کوّمەلە کەشف بکەن ، بەلام بەدەستی خالّی دەگەڕانەوەو هەربە ئاواتی چەپەلّی خوّیان نەگەیشتن .

وێژە و ئەدەبی کوردی دەبوژایەوە ، نووسراو هەلّبەستەکانی "دیاری کوّمەلە" ، "نیشتمان" ، "عەقل و بەخت" ، "وتووێژی دووباز" و شیعرە نەتەوەییەکان دەس بە دەس دەگەڕا و وەکوو زێڕو گەوهەر دەبیراو دەفرۆشرا ، هونەرانی خاوەن هەست ، باسی زولفی دریژ و چاوی بەخەیان ولاناو ، خەلّکیان بوّ یەکیەتی و برایەتی هان دەدا . ئەم بەندە شیعرێکی خەلّك بوو بڕێکم وەدەس کەوتن کە بوّ نموونەی سەبك و ئوسلوبی شیعری ئەوسا دەینووسم :

ئەو بەهارە و گولّەکان پشکووتن

لالەو نێرگس و نەسرین لە کێوی

بوّنی وەك عەتری نەسیمی سەحەری

پێش گزینگی کە لە کێوان دەکەوێ

لالە و گولّ دە درەوشێن لە چەمەن

وەکوو ئەستێرە بە تاریکە شەوێ

نیشتبوو بولبولی شەیدا لە گولّێ

وای دەفەرموو لە زمانی خاسەکەوێ

ئەتەوێ گەر هەموو دونیات بەدەنێ

بە دلّێکی بەخەم و لێرولەوێ

خوّ بە خوّڕێك بکەون ، ڕێك مەکەون

دوژمن ئەو ڕێیی نەکەوێ ڕێت دەکەوێ

خەوی غەفلەت بە سەهەستن لە خەوێ

گەر ژیانێکی بە ئازادی دەوێ

خوّ ئەتو دیوتە نموونەی شەڕی خوّت

مانگی شەهریوەری بیست ، ئەوەلّی جەنگ

لنگ دەسەر تانگ و بەخەنجەر بیگرە
دەس دە چۆماغت و داگیرکە تفەنگ *
بەری کوردێکی بەغیرەت ناکا
گەر دوو سە هەنگەو، گەر سەد سەرهەنگ
نازمی مەدەرسەی ئازادی
هەستی بۆی هات و گوتی و لێیدا زەنگ
خەوی غەفلەت بەسەهەستن لە خەوێ
گەر ژیانێکی بە ئازاد و دەوێ
شوانە وێڵانە لە بەرکە پەنەك
پیاوەتی غیرەتە، نەك پۆز وشەمەك
بۆ تەیێ هەڵدانێ دەبێ پیاوی جەبوون
هەر نەبێ چاترە ئینسانی خەنەك
گوێ بدە نەسحەتی مەن، بەقسەم کە
گوێ مەدە دەنگی دەف و تار و دەمەك
فیکری چاکەت بکە ئەی خانە خراپ
بەسە باسی کە فەڵ و پوز و بەلەك
کەر وکا چاترە لە پیاوی نەزان
ئەوی ئیمانی مەرەو، دینی شەك
خەوی غەفلەت بەسە هەستن لە خەوێ
گەر ژیانێکی بە ئازاد و دەوێ
دەس لە دەس، قوەتو یاری لە خورا
رێی کەون، تا سەی ئەسپودەسوێ
بەس لە دەرگەی ئەم و ئەوتە ئەرەقەبن
بەس بناسن لەرقان ئێرو ئەوێ
عومری مە حکومەت و دەس بەسەری
نیەتی قیمەتی یەك دانە جەوێ
خەوی غەفلەت بەسەهەستن لە خەوێ
گەر ژیانێکی بە ئازاد و دەوێ

هەروەها قەسیدە       لە لایەن رەمزی بەیلوە بڵاوکرایەوە کە ئەویش لە نێو کۆمەلانی خەلك بە تایبەتی لاوان زۆر پەسەن کرا . تاقە بەندێکم دەس کەوت و بە هیوام لاوە پەسپۆرەکان بکەرێن و ئەوکە وەرانە بدۆزنەوە و بڵاو بکەنەوە :

دوژمنی بەدخو ئەگەر تۆ بەدمیەی زێڕی ولات

دارو بەرد و خاکو خۆڵم بۆ بکەیتە حاسڵات

بکەیە سەرداری عالەم ، تاجی شاهیم کەی خەلات

شەرتە تێی هەلدەم لە تاجت بیکەمە ڕۆژهەلات

چۆن دەبێ مەحکوومی تۆیم ، کەچ بکەم بۆت گەردنم ؟

نامەوێ ئەو ژینە تاڵە ، یا وەتەن یا مردنم

مەبەستم لە نووسینی ئەوەو ناوەڕۆکی ئەو شێعرو هەڵبەستانە ئەوەیە کە خوێنەرانی بەڕێز لە ڕوانگەی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەلایەتی ئەو سەردەمە بگەن .

لەو فەزایەدا ، " نیشتمان " ی ژمارە دوو بڵاوکرایەوە ، نرخی سەرکەوتوی دەیان و سەدان بەرامبەری بایەخی خۆی دەفرۆشرا . بێجگە لە کوردستانی ئێران ، زۆریشی لە کوردستانی عیراق دا بڵاوکرایەوە . نهێنی کاری بۆوێنەی کۆمەلەی ژێ ـ کاف سەری لە دەزگای پاشایەتی عیراق و نووری سەعید یش شێواند و تەختی زۆردارانی لەرزاند .

دەتوانم بڵێم کە هەر ژمارەی نیشتمانێك دەیان خوێندەوار دەیخوێندەوە و سەدان نەخوێندەوار دەیان بیست و دەیان گێڕایەوە ؛ وەکوو گەوهەر رادەگیرا و چەشنی کتێبێکی ئیسلامی پیرۆز تماشا دەکرا . گەورەترین ، پیرۆزترین و پڕبایەخ ترین خزمەتی کۆمەلەی ژێ ـ کاف بلاوکردنەوەی گۆڤاری " نیشتمان " و بووژاندنەوەی زمانی فەوتاوی کوردی و هەستان دان و دنەدانی کۆمەلانی بەرینی خەلك بۆ خەباتی سیاسی و چەکداری و پێك هێنانی یەکیەتی و برایەتی و ژیانەوەی ژیانی کوردایەتی و پەرەپێدان بە

وێژەو ئەدەبی کوردی بوو، بە شێوەیەك کە چەن هۆنەری کۆمەڵەیی بۆ خزمەتی زمانی کوردی وەك ماموستا هەژار ـ سەید کامیل ـ هێمن حەقیقی ـ عەشری ـ شیوا و .... پێ گەیشتن و ناودار بوون.

ئەو خزمەتە گەورە و بێ وێنەیە، زەمینەی هەنگاوێکی داهاتوی پێك هێنا و ڕێگای خۆش کرد، بەلام بەداخەوەو ناماڵکەیەدا هیچ باسێکی لێ نەکراوە، بۆچی؟

ماموستایانی پایەبەرزی ئایینی و فەقێ دڵسۆزەکانی کوردستان، لەو تێکوشانەدا بەراستی ئەرکی خۆیان بە باشی بەجێ هێنا و خزمەتێکی گەورەیان بە نیشتمان و گەلی کورد کرد.

ئەو فەزایە دابوو کەمەڵەی سەرپەستی گەل و بەلەبەر چاوگرتنی وەزعی نێو نەتەوایەتی و بارودوخی گشتی جیهان، زانرا کە پێك هاتنی ئامانجە دڕێژخایەنەکانی کومەڵە دژوار و بەڵکوو هەر مەحاڵە. لە بەر ئەوەبوو کە دڵسۆزان و تێ گەیشتووانی ئەوکاتە و ناوەندی کومەڵە، بڕیاریان دا کە حیزبێکی دیموکراتو ئازادیخواز دابمەزرێ کە وێڕای حیزب و سازمانە پێشکەوتنخوازەکانی ئیران، مافی شەرعی و ڕەوای گەلی کورد، وەدی بێنێ.

بەو جۆرە، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران دامەزرا و کاك "پێنایی" ئەندامی کومەڵەی ژێ ـ کاف بە ناوی هەمیشە زیندوی (قازی محمد) بە سکرتێری و دەبیر هەوڵی ئەو حیزبەهەڵبژێردرا کە لە پێك هاتنی هەوڵ کۆماری خودموختاری کوردستان، لە کوردستانی ئیراندا بە پێشەوایی گەلی کورد هەڵبژێردرایەوە و بە فیداکاری خۆی، بوو بە کاروانسالاری شەهیدانی حیزبی دیموکرات و شەهیدانی ڕێگای ئازادی و بەختەوەری کورد و کوردستان.

ئەندامانی کومەڵەبە تێکڕایی، پەیمانیان لە گەڵ حیزبی دیموکرات نوێ کردەوە و هەر بەو هەستە پیرۆزەو ئەو فیداکاری و دڵسۆزیەوە هاتنەڕیزی ئەندامانی حیزبەوە.

کومەڵەی ژێ ـ کاف چ بوو؟ ئەوە بوو کە لەتاریکە شەوی حکوومەتی حەمە ڕەزاشا و دەسەلاتداری فیۆدالی و دەرەبەگی و بورژوازیدا مەشخەڵی ئازادیخوازی هەڵکرد و جاڕی یەکیەتی و برایەتی بە دەنگێکی بەرزتر

و بە سامتر لە هەورە تریشقەی بەهار ،لە هەموو کوردستاندا کێشاو ،نەتەوەی نوستوو و بێ ئاگاوی هەستی کوردی لە خەو ڕاپەڕاند و سەری لە دوژمنانی گەل شێواند .

زمانی فەوتاو و فەرهەنگ و فۆلکلۆری دزراوی کوردی بە هەستی بەتینی نەتەوایەتی بە شێوەیەك ژیاندەوە کە غەزەلە عاشقانەکانی ئەو سەردەمە بەژن و بالای بەرز و کولمی گەش و کەزیە و پەرچەمی ڕەشی نازدارای بە ڕۆژی ڕەشی کوردستان و سێدارە و قەنارەی سەرکوتکەران و ڕنوی چیاسەربەرزەکانی کوردستان کە شەرگەی شەڕی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد بوە و بەخوێنی ڕژاوی ئەو خەباتە پیرۆزەی دەشوبهاند و شاعیرانەترین غەزەلی دەخولقاند .

بڕوانین چەن جوان و پڕمانایە کە کاك هەژار فەرمویەتی :

ئەرێ ئەی کیژە کوردی چاو کەژاڵـە
ئەرێ ئەی شۆخ و شەنگەی چاردماڵە
ئەتۆ خوتکورد و خوێنی لاوی کوردی
بە تورکی چاوی مەستت کرد حەواڵە
بە خوێنی مەی دەدەی ئاوی مژۆڵت
بزانگت بۆچی سەر نێزەی <u>کەماڵە</u> ؟
ڕنوی سەر <u>ئاگری</u> لاجانگ و کولمت
لە خوێنی نەوجەواناندا شەلالە
بلی ی <u>ئێران</u> و <u>عارەب</u> بێ دڵی تۆ
کەلێی تەنسیری ناکا ئاه و نالە
مەگەر چالی چەنەت زیندانی قەسرە
کە ڕزگار بوونی ئێمەی لێ مەحالە

هەر وشەیەکی کە نیشان کراوە ،ئیشارە بە ڕووداوێکی مێژوویی کوردە .

دیسان دەفەرموێ :

ئەمریەنی قوند پلانەو ئەمازداری ئەو جوان
چماتر ئەمونە ، سوورە گولی باخی کوردستان

کوڵمت گەش و بەتینە وەکو جەوری موستەبید
پرچت ڕەش و دریژە وەکو ڕۆژی کوردەکان
بەژنت حەقی ژیانی هەموو میللەتی بچووک
ئازادی کوردسانە دەمت لێی نیە نیشان
ئەگەر یەجکەت کە دێتە ئەمەزەر ، ڕووتی گەرتووە
دڵ ژان ئەکا و دێتە وەبیر ، وەزعی نیشتمان
بەم کیژیەش دەزانی کەهاو خوێنی خوێت ئەبێ
نابێ بەیاری بگری ، هەژاریەسەتی ، ئەمان !
یا "لای لایە " بەرزو بەنرخەکەی کە ئێستاش بە چەند مەقامەبەگۆرانی دەوترێ .
هەروەها لە سەربروای بەتینی کۆمەلە سەبارەت بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام :
باوەری گشتی کۆمیتەی ناوەندی و زۆربەی ئەندامانی ، کاك هەژاریوێژوهۆنەری کومەلە ، قەسیدەیەکی لە ژێر سەردێپیری ( کارخانەی قەندی یا سلسلەی مەشایەخی نەقشبەندی ) فەرموکە ئەویش سەرنجی خەڵك بەتایبەتی چینی ئەهلی تەریقەتی ڕاکێشا . وەختێ لە تاریفی جەنابی مولانا خالیدی جافی شارەزوری دا دەفەرمووێ :

کە سەردەستەی هەموو مەستانە خالید
نەمامێ باخی کوردستانە خالید
فیدات بم نیشتمان ، بۆ شارەزورت
ڕوناکە شام و ئەستەنبوڵ لە نورت

یا سەبارەت بە ساداتی خۆشەویستی نەهری ، لە وشەی شەمزینن دا ، وردە کارێکی شاعیرانە و هونەرمەندانەی بۆ وێنەی نواندوە :
بە "عەبدوڵا " و "تاها " پیری شەمزینن
لە داوای دین ئەماندوو بون ، نەشمزین

شەمی دڵ بون وزەینی مەحفەلی دەین
وەتەن هەر شاد بی تۆ، ئەود کورەتد ین

کۆمەڵەی ژێ ـ کاف چی دەویست؟ رەیەویست گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا ،کە لە دەورەی دیکتاتۆری بنەماڵەی پەهلەوی بە شێوەیەکی درندانە سەرکوت کرابوو، ئاسەواری کوردی و کوردایەتی نەما بوو، دوای رەزاشا ش هەر شایەک لە گوندێک یا هەر خانێک لە ناوچەیەک خۆی حکمەتێک بوو، هەستی ئازادیخوازی بێ هەست و مافی پەوای گەلی کورد بێ شیل کرابوو، ئەو گەلە لە خەو راپەڕێنێ و هانی بداو ڕێگا خۆشکاو نالەباری بخاتە سەربار. تا ئەو جێگەش لە توانای دا بوو، بەرەڕی لە خۆبوردن و فیداکاریەوە، بە دیسیپلینێکی بێ وێنەنهێنیەکانی پاراست، یەکسورتی باشترین نموونەی کۆمەڵە گەری و حیزبایەتی دامەزرانەد و سەرکەوتوانە و بە عاقلانەترین شێوە ئالای پیرۆز و پڕ لە شانازی خەباتی دایەدەست جێداری پڕ بایەخی خۆی: حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

چی بەسەر هات؟ نەفەوتاوە و نافەوتێ. زۆریەی ئامانجەکانی لە مەرامنامە و پەیڕەوی نێو خۆی حیزبدا گونجاوە؛ هەر ئەو حیزبە کە هۆی شانازی و خۆشەویستی گەلی کوردە، هەر ئەو حیزبە کە دروشمەکەی "دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" بە تێکۆشانی بێ وچان و خەباتی شێلگیری ڕۆڵە قارمانەکانی ،لە دڵی کۆمەڵانی بەرینی نەتەوەی کورد سەقامگیر کرد و ئێستا ئەو کەسانەش کە ئەو دروشمە پیرۆزمیان بە ئیرتجاعی و کونەپەرستانە دەزانی، بایان داوەتەوە و باس لە خودموختاری کوردستان دەفەرمون !!.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی ۳۸ ساڵ ژیانی پڕ لە هەوراز و نشێوی خۆی دا تا ئەوڕۆ هەزاران ڕۆڵەی دلێرو دڵپاکی بە قوربانگای ئازادی پێشکەش کردوە و بەکردەوە بە دونیای سەلماندوە کە ئازادیخواز و دژی دیکتاتوری و زۆر داریە، جاچ دیکتاتۆری بنەماڵەی گلاوی پەهلەوی بێ و، چ ملهوڕی چەپەڵی ویلایەتی فەقیهی خوێن ڕێژێکی چەشنی خومەینی.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە رۆژێکەوە رێژیمی چەپەڵی کۆماری ئیسلامی خومەینی دەسەلاتی زالمانەی خۆی بە سەر گەلانی ئیراندا سەپاند و، دیکتاتۆری رەش و کۆنەپەرستانەی ئاخوندی بە ناوی ویلایەتی فەقیهی چەسپاند، چ بەشێوەی و توو وێژی سیاسی وچ لە باری چەکداری و نیزامییەوە بەوپەڕی لێ زانی و تێهینیی و ئازایەتی و فارمانی، حەقی رەوای گەلی ستەم لێکراوی کوردی بە دونیا ناساند.

هەرئێستا، کە نیشتمانی خۆشەویستمان لە عەرزو ئاسمانەوە بە دڕندانەترین شێوە بە چەشنێک کە لە مێژووی کەمترگەلی دونیادا وێنەی هەیە، کەوتۆتە بەر پەلاماروهێرش، هەرئێستا کە گەلانی ئیران بەگشتی بەهۆی ئەو حکومەتە رەش و کلاوەکە بێجگە لەگرانی و شەڕی نێو خۆو دەرەوە سازکردن و قات و قڕی و بێکاری وناوسانی دراوی و هەراج و هەرزان فرۆشی نەوتو تاڵانی شتەلە مێژبنەو لە جیهان بێ وێنەکان و ژینی کۆنی و بازاری رەش و نەخۆشی و بێ دەرمانی وبەکوردی و بەکورتی بێجگەلە فرمیسک و خوێن هیچ دیاری یەکی دیکەی نەبووە، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران ئاڵای خەباتی لە شاروێ و دەشت و چیا سەربەرزەکانی کوردستان هەڵ گرتووە.

رۆڵە بەشەرەفەکانی گەلی کورد بە نازناوی پڕ لە شانازی (پێشمەرگە) لە ژێر سێبەری پیرۆزی شاباڵی ئەو ئاڵایەدا بە سەرمای زمستان و گەرمای هاوین، بێ بەش لە خۆشیەکانی ژیان بە هەموو ناتەواوییەوە دەسا چێنن و ئەرکی نیشتمان پەروەری و حەق ویستی پارێزگاری لە ناموس و ماڵ وگیانی گەل بەجێ دێنن و ئازادی و سەرفەرازی کوردستان دەپارێزن و هەموو رۆژێک حەماسە دەخولقێنن.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، مەشخەڵی ئازادی بە دەستەوە، پێشاپێشی ئازادیخوازان، کوردستانی کردوە بە سەنگەری ئازادی و قیبلەو رووگەی گشت ئازادیخوازانی ئیران، بە شێوەیەک کە ئازادیویستانی فارس وتورك و نەتەوەکانی دیکە، لە چوارقورنەی ئیرانەوە هاناو هاوار بۆ ئەو حیزبە دێنن و هەموو ئاوات و داخوازی خۆیان لە سەرکەوتنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەسەر دیوەزمەی جەماراندا دەزانن و دەبینن.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە گەڵ سازمانی موجاهیدینی خەڵکی ئیران،

ڕوو کۆڵەکەی بنەڕەتی شوورای نیشتمانی بەرگری ، دەنگی حەق ویستی و ئازادیخوازی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێرانیان بەگوێی دونیا ڕاگەیاندەوە زوولم و زۆر ویێدادی ئەو ڕێژیمە چەپەڵەیان لە قاودا وە.
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بڕیاری داوە کە تا دواشەناسەی ژیانی و ئاخرین ئەندام و پێشمەرگەی ، ئەو ئاڵا پیرۆزە شەکاوەتر ڕابگرێت و ئەو مەشخەڵە پرشنگ هاوێژە بە گڕو بڵێسەیەکی زیاتر ، بە ئاوەتیەن ترکات و تا ڕووخانی ئەو ڕێژیمە گڵاوە بەو خەباتە پیرۆزە درێژە بدا.
ئەمانە و هەموو دەسکەوتەکانی دیکە ، ئاکامی کردەوەی پیاوانەو ژیرانەی کۆمەڵەی ژێ ـ کاف بووە کە چل ساڵێك بەسەر دامەزراندنی تێدەپەڕێ وە ناوی پڕلە شانازی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران تا کوردێك لەسەر زەوی دابمێنێ و تا دڵی پڕلەمەکی بە شەرەفی گەل بۆکوردستانی خۆشەویست لێبدا تەهەردەمێنێ.
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، بۆ بێكهێنانی حکومەتی خودموختاری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاد و دیموکرات دا تێکۆشاوە و کاروانی لە پسان نەهاتووی شەهیدانی ، ڕازاوەترین دیڕ بایەخ ترین بەڵگەیە و تاگەیشتن بە هەموو ئامانجە پیرۆزەکانی و تا دابین کردنی ژیانی پڕ لە شانازی وەبەختەوەری و هێمنایەتی و ئاسایش تێدەکۆشێ و بە دڵێکی پڕلە ئیمان و ئیرادەیەکی پۆلایین بەرەو پێش دەڕوات.
چاوەڕوانم کە پیرەپیاوانی کۆمەڵەی ژێ ـ کاف کە هێشتاماون و نووسەران و هونەران و پێنووس بەدەستانی کوردستان ، لەم کاتەدا کە نیشتمان و مێژوو ئەرکێکی گەورە و پیرۆزی خستۆتەسەر شانیان ، هەستیان ببزوێ ولەسەر پەیمانی قەدیم و سوێندە پیرۆزە لە مێژینە کە ، بەکردەوە بێنەوە مەیدان و بە دەستەو گۆچانیش بێ ، وەزیفەی خۆیان بەجێ بێنن وە هەر شێوەیەك بۆیان بلوێ لە گەل هەڵۆ بەرزە فڕەکانی کوێستانە سەربەرزەکانی نیشتمان هاوکاری فەرموون . چەمن خۆشە هاوڕێ لە گەڵ پێشمەرگە حماسەخولقێن و قارەمانەکانی کوردستان ، پێنوێنی بەهەتینی لاوان بەن.

لای هەڵۆی بەرزەفڕی بەرزە مەژی
چۆن بژی شەرتە ، نەوەك چەند مەژی

ئاکام خێری بۆ پیرانی خاوەن هەست و نیشتمان پەرستی کورد لە هەڵمەرجی ئەورۆدا ئەوەیە کە بەخوێنی خۆیان ڕدێنی سپی یان بڕەنگێنن یا دوژمن لە خوێندا بگەوزێنن.

"چەن جوانە خوێن و ڕیشی سپی پیرو جەوان"

مێژووی خوێناوی کوردستان و گەلی کورد، لەوکەسانەی کەدەتوانن لە بواری زانیاری و ڕامیاریەوە لە خزمەت شۆڕشە مەزنە خوێناوییەکەمان ڕابن، داوادەکا و چاوەنواری دەکرێت کەبە بانگەوازی دایکی نیشتمان، بەهەر شێوەیەك بۆیان دەلوێ زانست و ئەزموونی خۆیان بۆ ئازادی، بۆ خزمەت بەئینسانییەت و دژی ملهوڕی و سەرەڕۆیی ویلایەتی فەقیهی حکوومەتی ڕەشی ئاخوندی، بخەنەئیختیاری گەلی کورد.

گەنجینە شاراوەکانی وێژە و ئەدەبی کوردی بەگشت زاراوەکان بڵاو بکرێتەوە و بەرەی داهاتوو، بەو شێکۆ شانانە شانازی بکا و هۆی بەختەوەری ئەوان پێك بێ.

بەم ئاواتەوەم لاوانی تێکۆشەرو زانا، لەو گەوهەرە لە مێژینانەی وێژەو ئەدەبی کوردی لە هەمووسووچ و قوژبنێکی کوردستاندا بگەڕێن و بیدۆزنەوە و بڵاوی کەنەوە.

هەروەها ئەگەر شتێکم لەبیرچوە و نەمنووسیوە، یا نەمزانیوە، یابە هەڵەدا چوویم، بە هۆی ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات، بۆم بنوسن و بۆم بنێرن، جێگای سوپاسە و دووعای خێرتان بۆدەکەم. ئاواتە خوازم کە کاك ( سید محمد صمدی ) لێم ببوورێ و لە خزمەت بە نیشتماندا سەرکەوتوو بێ و، بەکردەوە ڕێگای نیشتمان پەروەری و ژیانی سالارانە و سەرفرازانە بەڕۆڵەکانی گەل فێرکا و لە فێرگەی ئازادیخوازیدا مامۆستا و لەمەکتەبی فیداکاریدا ڕێنوێن و ڕێنما بێ، و ئەزموون و زانست و شعووری سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی هەڵڕێژێتە سەر سفرەی بەرینی مەزنی گەلی کورد، تا خوێنکارانی گیان لەسەر دەست و پێشمەرگە دلێر و ژیرەکانی کوردستان لێی فێربن و کەڵکی لێ وەرگرن.

داخوازم لە برای گەورە و خۆشەویستم جەنابی مەلا قادری مودەڕیسی ئەوەیە بم بوورێ و لێم خۆش بێ؛ لە خودای گەورە دەپاڕێمەوە کە لەشی ساغ و دڵی خۆش بێ.

هیوام وایە خوێنەرانی بەڕێز و خۆشەویست ماندو نەبوون ولەکەم و کوڕییەکانم

چاپۆشی فەرموون، چوونکە نووسینی باسێکی مێژوویی گرینگ پێویستی بە زۆر سەرچاوە و لێپرسینەوە هەیە و دەبێ لانیکەم لە موحیت و شوێنێکی ئارام و بێ دەنگ دابنووسرێ، بەڵام منی نەخۆش و ناساز و بێتینێک کەوتە لە بنکەیەکی تەنگ و تاریکی پێشمەرگە و لە ناو گرمەو ڕمبەی تۆپ و خومپارە و هاڕەی فڕۆکەو هەلیکۆپتەر و شریخەی تفەنگی دوژمنانی ئازادی دا، هەرئەوەندەم پێکرا.

ئاواتە خوازم ئەوانەی شارەزاترن، تێکۆشن نوختەتاریک و باریکەکانی مێژووی خوێناوی نەتەوەکەمان ڕوونکەنەوە و چین و بەرەی ڕاپەڕیوو شۆڕشگێڕی ئەوڕۆ و داهاتووی کورد، لەزانایی خۆیان بێبەش نەفەرموون.

نەغەدە ١٣٦١/١٢/١٤

عەبدولقادر دەباغی

چاپ لە:

ئینتشارات و تەبلیغاتی کومیتەی ناوەندی
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

لە چاپدانەوە لە لایەن :
بەشی ئینتشارات و تەبلیغاتی
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات

بایی: ۱۰ تمەن